گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پەتای کۆڤید 19 و ئاسایش و هاریکاری نێودەوڵەتی

**د. عمر نورەدینی**
بەشی دیبلۆماسیەت و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، کۆلێژی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان،
زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
omernoradeni@gmail.com ، omernoradeni@lfu.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
**وەرگرتن:٢٠٢٠/١٢/١٥**
**پەسەندکردن:٢٠٢١/١/٢٧**
**بڵاو کردنەوە:زستانی ٢٠٢١**

**ووشە سەرەکییەکان**
Covid-19, International security, International cooperation, United nation, World health organization

Doi:
10.25212/lfu.qzj.6.1.3

## پوختە

سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی پەتای Covid-19 کاریگەری گەورەی کردە سەر هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، لەناویاندا هەردوو بواری ئاسایش و هاریکاری نێودەوڵەتی، لەژێر کاریگەری ئەو هەڕەشانەی کۆڤید 19 لەگەڵ خۆی هێنان، چەمکی ئاسایشی نێودەوڵەتی گۆڕانی بەسەردا هات، ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی دووچاری مەترسی بوونەوە، ئاست و شێوەی هاریکاری نێودەوڵەتی بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم پەتایە گۆڕانیان بەسەردا هات. توێژینەوەکە (پەتای کۆڤید 19 و ئاسایش و هاریکاری نێودەوڵەتی) توێژینەوەیەکی وەسفی شیکاریە و گفتوگۆی ئەم پرسانە دەکات، توێژینەوەکە لەپێشەکیەك و دوو باس و کۆتایی و دەرەنجامەکان پێکهاتووە .

لەباسی یەکەمدا و لەدوو لقی جیاوازدا شرۆڤەی پەتای کۆڤید 19 و چەمکی ئاسایشی نێودەوڵەتی و پەتای کۆڤید 19 وەك هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکات .

باسی دووەم، لەلقی یەکەمدا گفتوگۆی رۆڵی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لەبەرەنگاربوونەوەی کۆڤید 19 کراوە، لقی دووەم تەرخان کراوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و کۆڤید 19. لەلقی سێیەمدا تاوتوێی چۆنیەتی هاتنە ئارای هاریکاری نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆڤید 19 لەناو رێکخراوی تەندروستی جیهانی دەکەین.

لەکۆتایی توێژینەوەکەدا ژمارەیەك دەرەنجام و ڕاسپاردە خراونەتەڕوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی

بەدرێژایی مێژوو مرۆڤ لەسەر سێ ئاستی سەرەکی لەململانێ دا بووە، ململانێ لەگەڵ خۆی واتا مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ، ململانێ لەگەڵ بوونەوەرەکانی تر، ململانێ لەگەڵ سروشت تا ئێستاش لەسەر هەرسێ ئاستەکان ململانێی مرۆڤ بەردەوامە و کۆتایی پێ نەهاتووە.

ڤایرۆسەکان یەکێکن لەو لایەنانەی کەلەسروشتەوە هەڵقوڵاون و بوونەتە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر بوون و ژیانی مرۆڤ و لەململانێدان لەگەڵی، وشەی (ڤایرۆس (Virus) لەبنەچەدا لاتینیە مانای ژەهر، ژەهری ئاژەڵ، ژەهری شل و گیرەر دەگەێنێ، لەسەرەتای سەدەی بیستەم ڤایرۆسەکان وا ناسێنران کەدەستەیەکن لەمیکرۆب و دەبنە مایەی پەتا و نەخۆشی بەڵام سروشتی پێکهاتەکەی بەشاراوەیی مایەوە تا لەساڵی 1939 وردبینی ئەلکترۆنی داهێنرا و توانرا بەچاو ببینرێ و پێکهاتەکەی ئاشکرا ببێ، دەرکەوت جۆرێکی دەگمەنە لەمیکرۆب (دورثی إتش کروفورد، 2014، ص14).

ڤایرۆسەکان ژمارەیان یەکجار زۆرە، لەڕووی شێوە و کاریگەریشەوە جۆراوجۆرن، نوێترین جۆری ڤایرۆس بریتییە لەڤایرۆسی کۆڤید 19 (Covid-19) -کەسەر بەخێزانی ڤایرۆسی کۆرۆنا(Corona Virus) -ە، یەکەم حاڵەتی تۆمارکراوی راگەیاندراو بەپەتای کۆڤید 19 لە 31 کانوونی یەکەمی ساڵی 2019، لەشاری (وهان)ی دەوڵەتی چین بوو، پاشان لە 11ی شوباتی 2020 رێکخراوی تەندروستی جیهانی ناوی لەڤایرۆسەکە نا کۆڤید 19 کورت کراوەی (ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بووەی ساڵی 2019(Corona Virus Disease 2019 -)یە، کەتا ساتەوەختی ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە (کۆتایی مانگی 11ی ساڵی 2020) لەسەرانسەری جیهان دا زیاتر لە (61) ملیۆن کەس تووشی پەتای کۆڤید 19 بوون و نزیکەی (1.446.000) ملیۆنێك و چوار سەد و چل و شەش هەزار بەو پەتایە گیانیان لەدەست داوە (الدکتورة أيناس عبدالمجيد، شباط2020/ المكتب الأتحادي للصحة العامة فی دولة سويسرا، تشرين الثانی 2020 Johns Hopkins University, COVID-19 Dashboard, 2020 / 2020).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەتای كۆڤید 19 كەسەرانسەری جیهانی گرتۆتەوە و بەشێوەیەكی كوشندە دەستی لەمرۆڤایەتی وەشاندووە، كاریگەری ڕاستەوخۆ و گەورەی خستەسەر هەموو بوارەكانی ژیان، بەشێوەیەك بوو بەخاڵێكی زەمەنی بۆ لێك جیاكردنەوەی مێژوو بەڕادەیەك كەژیانی دوای بلآوبوونەوەی كۆڤید 19 زۆر جیاوازە لەگەڵ پێش ساتەوەختی بڵاوبوونەوەی.

لێكەوتە خراپەكانی پەتای كۆڤید 19 لەبوارەكانی تەندروستی و ئابوری و كۆمەڵایەتی و سیاسی و كلتوری ئەوەندە زۆرن كەوای لەزۆربەی زۆری شارەزا و پسپۆران كرد كۆك بن لەسەر ئەوەی كۆڤید 19 قەیرانێكی جیهانییە و ڕووبەڕووی تەواوی دەوڵەت و گەلانی جیهان بۆتەوە، قەیرانێك كەخاوەن سروشت و خەسڵەت و وزەی وێرانكەری تایبەتە.

لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێ گفتوگۆی دوو بواری گرنگی ژیانی كۆمەڵگای نێودەولەتی بكەین كەبەپەتای كۆڤید 19 كاریگەر بوون و تووشی پێداچوونەوە و وەچەرخانی تازە بوونەتەوە، ئەوانیش بواری ئاسایش و هاریكاری نێودەوڵەتین، واتا مەبەستمانە لەكاریگەری و كارلێككردنی دووسەرەی نێوان هەردوو گۆڕاوی، كۆڤید 19 و ئاسایش و هاریكاری نێودەولەتی بدوێین و بیخەینە بەر باس و لێكدانەوەی زانستیانە.

## گرفتی توێژینەوەكە

پەتای كۆڤید 19 ئەوەی دەرخست كەبایەخدانی دەوڵەت نەتەوەكان و كۆمەڵگای نێودەولەتی بەپرسە بایۆلۆجی و تەندروستیەكان وەك توخمێكی سەرەكی لەستراتیژیەتی ئاسایشی مرۆیی و نێودەوڵەتی بەگوێرەی پێویست نەبووە، هەروەها دامەزراوە و ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان لەروبەڕووبونەوەی ئەم قەیرانە جیهانیەدا وەك پێویست نەبوونە ناوەندی هێنانەدی هاریكاری نێودەولەتی بۆیە زیانەكانی پەتای كۆڤید 19 هەم زۆر و هەم وێرانكەرن.

## گرنگی توێژینەوەكە

بەلای ئێمەوە گرنگی توێژینەوەكە لەوەدایە كەبابەتێك دەخاتە بەر باس و شرۆڤە (پەتای كۆڤید 19) كەلەلایەكەوە نوێیە و لەحاڵەتی وەچەرخانی بەردەوام دایە، لەلایەكی دیكەوە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیوەستە بەسەرجەم مرۆڤایەتی و رەهەندێکی جیهانی هەیە، لەوەش زیاتر کاریگەری و لێکەوتەی جۆراوجۆری هەن لەسەر سەرجەم کایەکانی ژیان لەناویاندا ئاشتی و هاریکاری نێودەولەتی، واتا بابەتێکی چارەنوسسازە.

مەبەستەکانی توێژینەوەکە

1 -خستنەڕووی زانیاری و راستیەکان سەبارەت بەکاریگەری پەتای کۆڤید 19 لەسەر ئاسایش و هاریکاری نێودەولەتی.

2 -گەیشتن بەدەرەنجام و بەرەنجامی زانستی و بابەتی لەبارەی ئەوەی کەموکوڕیەکانی پەیوەست بەهاریکاری نێودەولەتی لەرووبەڕووبوونەوەی قەیرانی نێودەولەتی لەشێوەی کۆڤید 19 چۆن وەلا دەنرێن و بەسەریان دا زاڵ دەبین.

3 -خستنەڕووی پێشنیاری ئەوتۆ کەلەداڕشتنی ستراتیژیەتی ئاسایشی مرۆیی و نێودەولەتی دا دەبێ یەکەمینی بۆ پرسە تەندروستی و کۆمەڵایەتیەکان بێ.

پرسیاری توێژینەوە

لەتوێژینەوەکەمان دا دەگەڕێین بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارانە:

1 -پەتای کۆڤید 19 چ کاریگەریەکی کردۆتە سەر مانا و چەمکی ئاسایشی نێودەولەتی؟

2 -ئایا پەتای کۆڤید 19 وەك مەترسیەك بۆ سەر ئاسایشی نێودەولەتی هەژمار دەکرێ؟

3 -پەتای کۆڤید 19 وەك قەیرانێکی جیهانی بەرپرسیاریەتی هاوبەش و هاریکاری نێودەولەتی بەرادەی پێویست لێکەوتەوە؟

گریمانەی توێژینەوەکە

تا بێ زیاتر ئاسایشی نێودەولەتی وابەستە دەبێ بەپرسە فیزیکی و بایۆلۆجیەکان ئەمەش ئەوە لەکۆمەڵگای نێودەولەتی و رێکخراو و دامەزراوە نێودەولەتیەکان دەخوازێ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەپێداچوونەوەی قوڵ بەستراتیژیەت و سیستەم و بونیادی خۆیان بکەن، ئەگینا بەرپرسیاریەتی و هاریکاری نێودەولەتی لەئاستی وەڵامگۆیی بۆ ئاڵنگاری و هەڕەشەکان نابێ و ئەگەری روودانی کارەساتی مرۆیی زیاتر دەبێ.

میتۆدی توێژینەوە

لەتوێژینەوەکەدا زیاتر پەیڕەویمان لەمیتۆدی وەسفی شیکاری کردووە. بەرەچاوکردنی لێکدانەوەی رووداو و هەڵوێست و زانیاری و راستیەکان هەروەها خوێندنەوەی رەخنەگرانە و پاشان تۆمارکردنی دەرەنجام و بەرەنجامی ئەوتۆ کەهەوڵمان داوە دروست و روون و باوەڕ پێ هێنەر بن.

پەیکەری توێژینەوەکە

پەیکەری توێژینەوەکە پێکدێ لەپێشەکی و دوو باسی سەرەکی و کۆتایی و دەرەنجامەکان، لەپێشەکیدا ئاماژە بەوە دراوە کەگرنگی توێژینەوەکە لەچی دایە، هەروەها کێشەی توێژینەوەکە چییە؟ لەگەڵ خستنەڕووی پرسیارەکان و گریمانە و مەبەستەکان و میتۆدی توێژینەوەکە.

لەباسی یەکەم دا و لەدوو لقی جیاوازدا باس لەکاریگەری پەتای کۆڤید 19 دەکەین لەسەر چەمکی ئاسایشی نێودەولەتی، هەروەها کۆڤید 19 وەك هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نێودەولەتی.

لەباسی دووەمدا و لەسێ لق دا، تیشك دەخەینە سەر ڕادە و ئاستی بەرجەستەبوونی هاریکاری نێودەولەتی لای کۆمەڵگای نێودەولەتی بەمەبەستی رووبەڕووبوونەوەی پەتای کۆڤید 19 بۆ ئەمە بەدواداچوونمان کردووە بۆ شێوازی هاریکاری نێودەولەتی لای ئۆرگانەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان وەك نموونەیەکی زیندوو لەکۆمەڵگای نێودەولەتی لەو چوارچێوەیەدا گفتوگۆی رۆڵی کۆمەڵەی گشتی و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی و رێکخراوی تەندروستی جیهانیمان کردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەکۆتایی توێژینەوەکەدا کۆمەڵێك دەرەنجام و پێشنیارمان خستۆتەڕوو، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و کورتەی توێژینەوەکە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی

باسی یەکەم: ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ و ئاسایشی نێودەولەتی

پەتای ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ وەك هەڕەشەیەکی مەترسیدار ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی بۆوە بەجیاوازی شارستانیەت و ئایین و نەتەوە و دەوڵەت و ناسنامە و جوگرافیا، یەکێك لەو بوارانەی کەڤایرۆسی کۆڤید ١٩ خستیە ژێر کاریگەری خۆیەوە و کاری لێکرد بریتییە لەبواری ئاسایشی نێودەولەتی و مرۆڤایەتی. لەم باسەدا و لەدوو لقی جیاوازدا گفتوگۆ لەسەر پەیوەندی نێوان ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکەین وەك دوو گۆڕەکی کارلێککەر.

لەلقی یەکەم دا لەکاریگەریەکانی ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ بۆ سەر چەمك و مانای ئاسایشی نێودەوڵەتی دەدوێن، لەلقی دووەم دا بەدوای ئەوە دا دەگەڕێین کەپەیوەندیدارە بەوێناکردنی ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ وەك هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی و هۆکارەکانی بوون بەهەڕەشە.

لقی یەکەم: ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ و چەمکی ئاسایشی نێودەولەتی

لەسیستەمی نێودەوڵەتی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم و سەردەمی جەنگی سارد و دوو جەمسەری، ئاسایشی نێودەوڵەتی لەڕوانگەی جەنگ و سنوردانان بۆ جەنگ و چۆنیەتی بەرپەرچ دانەوەی دوژمنکاری لەپەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان مامەڵەی لەگەڵ کراوە. لەدیباجەی پرواناماەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەڕوونی جەخت کراوە لەسەر ئەوەی، گەلانی ناو رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەوە لەئەستۆ دەگرن نەوەکانی داهاتوو لەکارەساتی جەنگ رزگار بکەن کەلەماوەی تەمەنی یەك نەوەدا دوو جار ڕوویدا و مرۆڤایەتی تووشی خەم و ئازاری ئەوتۆ کرد کەوەسف کردنی دژوارە (الامم المتحدة، ميثاق الأمم المتحدة" ص4).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەداڕشتنی چەمکی ئاسایشی نێودەوڵەتی و بەرجەستەکردنی ئەو مانا و خەسڵەتانەی کەهەڵگریەتی، دەبێ ئاگامان لەوەبێ لەسیستەمی نێودەوڵەتی دوای جەنگی جیهانی دووەم دا ئەو بنەمایانە بەهەند وەرگیران کەبۆ ئاسایشی بەکۆمەڵ داڕێژرابوون لەوانە، ئاسایش دابەش نابێ و بۆ هەمووانە و دەبێ هەمووان بەشداربن لەهێنانەدی و پاراستنی، ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنکاری، ڕێککەوتن و پێکەوە سازانی نێودەوڵەتی لەکاتی ڕوودانی جەنگ و کێشەی چەکداری بۆ دیاری کردنی لایەنی دوژمنکار، تێکۆشان بۆ دابین کردنی ئاسایشی دەوڵەتان و گەلان و شکۆداری مافەکانی مرۆڤ، پەنابردن بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی بەشێوەی خێرا بۆ پاراستنی ئاسایشی نێودەوڵەتی( بول روبنسون، 2009، ص58).

لەسەردەمی جەنگی ساردda، داڕێژەرانی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لەو باوەڕە دابوون کەدەبێت هێزی سەربازی ئەمریکی ببێتە رەگەزێکی سەرەکی لەناو سیستەمی جیهانی دا، لەپاڵ هێزی سەربازی بوونی سیستەمێکی ئابوری نێودەوڵەتی ئازادیان وەك پێداویستیەکی ئاسایشی نێودەوڵەتی دادەنا، لەم بارەوە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (کوردل هال) رای وابوو کەئابوری و بازرگانی ئازاد مەرجێکی سەرەکین بۆ ئاشتی و ئاسایشی جیهانی (روبەرت جەی مەکمان، 2017، ل22 و 25).

لەم روانگەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کەلەسیستەمی جیهانی سەردەمی جەنگی سارددا جەنگ مەترسی سەرەکی بووە بۆ سەر ئاسایشی جیهانی و بوونی هێزی سەربازی و سیستەمێکی ئابووری و بازرگانی ئازاد لای کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و لەسەرووویانەوە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا توخمی پێویست بوون بۆ لەئارادا بوونی ئاسایش و ئاشتی جیهانی.

لەلایەکی دیکەوە شەڕی هەواڵگری سەربازی و ئاسایش لەلایەن هەردوو جەمسەری سەرەکی ناو سیستەمی جیهانی سەردەمی جەنگی سارد وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت بەشێکی گرنگ بوو لەپرسی ئاسایشی نەتەوەیی و دەوڵەتی هەر جەمسەرێك و توندکردنی ململانێی هەردوولا و دروست کردنی بەربەست لەبەردەم گفتوگۆ و هەوڵە دیبلۆماسیەکان بۆ چارەسەری کێشمەکێشەکان و سەرکێشانی بۆ قەیرانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نێودەوڵەتی بەشێوەیەك کەئاسایشی جیهان بخاتە مەترسیەوە (الدکتورة أیناس سعدی، 2015، ص42).

بەڵام لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد و شێوەی دوو جەمسەری و دەست پێکردنی قۆناغێکی نوێ لەمێژووی سیستەمی جیهانی، بارگاوی بەپەشێوی و کێشە و ئاڵنگای ناوخۆیی و دەرەکی جۆراوجۆر کەهەموویان پێکەوە سەلامەتی دەوڵەت و ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتیان خستبووە مەترسی، کۆمەڵێك هۆکار زیاتر وەدەرکەوتن کەبوونە هۆی گۆڕان لەمانا و سروشت و فۆڕمی ئاسایشی دەوڵەت و چەمکە کۆنەکەی ئاسایش، لەوانە: پیس بوونی ژینگە، تیرۆر، کۆچی و ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، گرفتەکانی کەش و هەوا، نەخۆشی و پەتا گوازراوە و سنوربڕەکان، مادە هۆشبەرەکان، بازرگانی بەمرۆڤ، ململانێی نەژادی و ئایینی، هەژاری و بێکاری، ئەم هۆکارانە وایان کرد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی چیتر جەنگی نێودەوڵەتی سەرچاوەی سەرەکی هەڕەشە نەبێ بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی و سەلامەتی خاکی دەوڵەت و پرسی سەرەکی و لەپێشینەی دەوڵەت و ئاسایشی نەتەوەیی نەبێ. لێرەوە گفتوگۆ و لێکدانەوەی ئەمە کرا کەچەمکی ئاسایشی مرۆیی تەواوکەری چەمکی ئاسایشی نەتەوەییە و چەمکی ئاسایشی مرۆڤایەتی فرە رەهەندتر و گشتگیرترە لەچەمکی ئاسایشی نێودەوڵەتی(منى عبدالفتاح، 25 مارس 2020).

شایانی باسە چەمکی ئاسایشی مرۆیی کەلەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی سارد زیاتر برەوی پەیدا کرد، لەلایەن پسپۆری ئابوری ناسراوی پاکستانی (محبوب الحق) کەماوەیەك وەزیری دارایی وڵاتەکەی بوو، هەروەها لەرێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەتایبەتی لەبەرنامەی پەرەپێدان رۆڵی بەرچاوی بینیوە، خراوەتە بەر باس و لێکدانەوە، ئەو لەو باوەڕەدا بوو دەبێ چەمکی ئاسایش بەپلەی یەکەم پەیوەست بکرێ بەدابین کردن و مسۆگەرکردنی ئاسایشی تاك و خەڵك نەك ئاسایشی دەوڵەت و دامەزراوەکانی، ئەویش لەرێگای پاراستنی هاوڵاتیان لەمەترسیەکانی وەك پەتا و نەخۆشیە گوازراوە و سنوربڕەکان و تیرۆر و هەژاری و ماددەی هۆشبەر(د. خولة محى الدين, 2012, ص526).

لەژێر رۆشنایی ئەم خوێندنەوە و شرۆڤەیە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کەلەسیستەمی جیهانی دوای جەنگی سارددا جگە لەجەنگ کۆمەڵێك هۆکاری دیکەی خاوەن سروشتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مرۆیی رۆڵیان لەزیادبوونی مەترسی بۆ سەر ئاسایشی جیهانی و ناوخۆیی دەوڵەتان زیاد دەبێ، چەمکی ئاسایشی مرۆڤایەتی دێتە پاڵ چەمکی ئاسایشی نێودەوڵەتی، بابەتگەلی وەك تەندروستی و روبەڕووبونەوەی پەتا و نەخۆشیە گوازراوە و سنوربڕەکان و ماددە هۆشبەرەکان و تیرۆر، لەپاڵ پرسە سەربازی و ئابووری و بازرگانیەکان دەبنە توخم و رەگەزی پێکهێنەری سەرەکی ئاسایشی مرۆڤایەتی و جیهانی.

لەکاتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی ئیبۆلا لەرۆژئاوای ئەفریقیا لەساڵی ٢٠١٤، ئەو راستیە باشتر دەرکەوت کەهەڕەشە تەندروستیەکان مەترسین بۆ سەر ئاسایشی تەندروستی و کۆمەڵگا و دەوڵەتان، هەروەها بوونی پێداویستیە تەندروستیەکانی وەك ئامێری پشکنین و دەرمان و ڤاکسین و دابین کردنیان لەکاتی خۆی چەند پێویستن بۆ ئاسایشی تەندروستی، ئەوکات لەبوونی ئەم پێداویستیانە کێشە هەبوو چونکە دەوڵەتان لەم پرسەدا پشتیان بەکۆمپانیاکانی دەرمان بەستبوو، لای ئەوانیش ئاسایشی تەندروستی لەپێشینەی کارەکانیان نەبوو، لاوازبوونی ئاسایشی تەندروستی و خراپی پێداویستیە تەندروستیەکان متمانە بەدامەزراوەکانی دەوڵەت و رێکخراوە جیهانیەکان لاواز دەکەن و سەقامگیری و ئاسایشی وڵاتان دەشێوێنن و سەرەنجام دەبنە هۆکارێك بۆ شکستی دەوڵەت (David L Heyman & others, May09, 2015)

ئەم زانیاری و لێکدانەوە سەرنجمان بۆ ئەوە رادەکێشێ کەبڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی ئیبۆلا لەکیشوەری ئەفریقیا ڕوونتر ئەو راستیەی نیشان داین کەئاسایشی تەندروستی جیاواز لەپرسەکانی ئاسایشی کۆنینە و کلاسیکی بەتەواوی ئاوێتەی ئاسایشی مرۆیی و جیهانی بووە و لێی جیانابێتەوە، ئاسایشی تەندروستی بەپلەی یەکەم پەیوەستە بەمرۆڤ و تاك و هاوڵاتی و گەلەوە نەك ئاسایشی دەوڵەت و دامەزراوەکانی، واتا رەهەندێکی ئایدیالیستی و مرۆڤ سەروەریانەی هەیە و کۆمەڵێك بەها و بنەمای مرۆیی ئەوتۆ لەخۆدەگرێ کەویستراو و پیرۆزن و دەبنە هەوێنی ڕەوایەتی دان بەدەسەڵاتی سیاسی و پیادەکردنی.

سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ و سروشت و ڕادەی ئەو مەترسیەی بۆ سەر دەوڵەتان و مرۆڤایەتی لەگەڵ خۆی هێنا، وای کرد کەئاسایشی تەندروستی و دابین کردنی پێداویستیە تەندروستیەکان و بوونی سیستەمێکی تەندروستی کارا و پتەو، بوونی

ستراتیژی تایبەت بۆ ڕوبەڕووبونەوەی ئەو پەتا و نەخۆشیە گوازراوانەی کەڤایرۆسەکان بڵاوی دەکەنەوە و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەو قەیرانەی کەلەگەڵ خۆیان دەیهێنن، ببێتە بەشێکی بنەڕەتی لەچەمکی ئاسایشی جیهانی و ناوخۆیی کۆمەڵگا و دەوڵەتان.

ڤایرۆسی کۆڤید 19 وای لەدەوڵەتان کرد هەتا هێزەکانی سەربازی و ئاسایشی ناوخۆ بخەنە خزمەت بواری تەندروستی و جێبەجێکردنی ئەو ڕێوشوێنانە کەحکومەتەکان بۆ ڕوبەڕووبونەوەی کۆڕۆنا پەنایان بۆ بردن، ئەو ڕاستیە بەتەواوی وەدەرکەوت کەئاسایشی تەندروستی لەسەر ئاستی جیهانی و ناوخۆ بەشێکی دانەبڕاوە لەئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتان، لەوڵاتی بەریتانیا پەتای ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ وەك مەترسی پلە یەك بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی هەژمارکراوە، لەوەش زیاتر لەڕووی زانیاری و هەواڵگریەوە، هەواڵگری بایۆلۆجی و کۆکردنەوە و لێکدانەوەی داتا بایۆلۆجیەکان زیاتر بوونەتە جێگای بایەخ پێدانی دامەزراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان.(Gorden Corero, 2April 2020)

کاریگەری پەتای کۆڤید ١٩ لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی بەڕادەیەك دەبێ کەشارەزایان پێیان وایە دەبێ وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بەپێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیدا بچێتەوە و لەدەرەوەی بازنەی سوپا و هێزی سەربازی ناساندنێکی نوێ بۆ ئاسایشی نەتەوەیی خۆی بکات و زیاتر جەخت لەسەر ئەو هەڕەشەو ئاڵنگاریانە بکات کەڕوویان لەئاسایشی مرۆڤایەتی و جیهانیە وەك کەش و هەوا، لێرەوە دەبێ دووبارە بە شێوەی تەرخان کردنی دەرامەت و داهاتەکان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی دا بچێتەوە و ڕێژەیەکی بەرچاو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشانە تەرخان بکات، کەپەیوەندیدارن بەپرسە بایۆلۆجی و تەندروستی و مرۆیی و سروشتیەکان (Ronald O'Rourke, &others, November 3, 2020).

دوای ئەم شرۆڤە و خستنەڕووی ئەو ڕاستیی و زانیاریانەی پێشوو لەبارەی کاریگەری ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ لەسەر چەمکی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ڕەگەزەکانی بەو دەرەنجامانە دەگەین:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکەم: ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ جەختی لەو راستیە کردەوە کەئاسایشی تەندروستی بەشێکی سەرەکی و جیانەبووەیە لەئاسایشی جیهانی و مرۆڤایەتی، مسۆگەرکردنی ئەو ئاسایشە دەبێتە ئەرکی لەپێشینەی دەوڵەت نەتەوە و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

دووەم: ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ پشت راستی ئەو بۆچوونەی کرد کەلەسەردەمی سیستەمی جیهانی ئێستادا دەبێ جەخت لەسەر چەمکی ئاسایشی مرۆڤایەتی بکرێ لەبەرامبەر چەمکی ئاسایشی نێودەوڵەتی، چونکە ئاسایشی مرۆیی بایەخ بەئاسایشی تاك و هاوڵاتی و کۆمەڵگا دەدا و ئاسایشی تاك و کۆمەڵیش دەبنە هۆی دابین کردنی ئاسایشی دەوڵەت، بەڵام مەرج نییە ئاسایشی دەوڵەت بێتە هۆی مسۆگەری ئاسایشی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگا و تاکەکان.

سێیەم: لەناو چەمکی ئاسایشی مرۆیی دا، ئاسایشی تەندروستی و ڕووبەڕووبونەوەی نەخۆشی و پەتا گوازراوەکان جێگەی تایبەتی هەیە و وەك رەگەزێکی سەرەکی ئاسایشی مرۆیی هەژمار دەکرێ، دەبێ دەوڵەتان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی توانا سەربازی و ئاسایش و ئابوری و داراییەکانی خۆیان بخەنە خزمەت ئاسایشی تەندروستی بەتایبەتی ئەو مەترسیەی دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی تەندروستی زیاتر پەیوندی بەسروشت و ئەو راستیە بایۆلۆجیانەوە هەیە کەدەکەونە دەرەوەی ویستی خودی مرۆڤەوە.

لقی دووەم: ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ وەك سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی.

لەچوارچێوەی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر چەمکی ئاسایشی نێودەوڵەتی دا هاتوون لەڕووی هۆکارەکان و لەپێشینەیی توخمە پێکهێنەرەکانی و لێکەوتەکانی، ئەوەمان روونکردەوە کەلەسەردەمی سیستەمی جیهانی باوی سەردەم دا، ئاسایشی تەندروستی وەك بەشێکی سەرەکی لەئاسایشی مرۆیی و نێودەوڵەتی هەژمار دەکرێ.

لەڕووی سیستەمی جیهانیەوە، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ئەو دەزگایەیە کەبەرپرسە لەپاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، بەپێی مادەی (٣٩) لەپڕوانامەی نەتەوەیەکگرتوەکان، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیار لەوە دەدا ئایا ئاسایشی نێودەوڵەتی هەڕەشەی لەسەرە؟ یان بەو ئاراستەیەدا هەوڵی دوژمنکاری تێکدەرانە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەئارادایە؟ واتا ئەوەی بڕیار لەوەدەدا کەئایا هەڕەشە لەسەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی هەیە یانا بریتییە لەئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، هەروەها دەسەڵاتی ئەوەی هەیە لەم بارەوە ڕاسپاردە پێشکەش کا یان بڕیار بدا کەچ ڕێوشوێنێك بگرێتەبەر(الامم المتحدة, ميثاق الامم المتحدة ، ص28).

کاتێك نەخۆشی ڤایرۆسی ئیبۆلا لەساڵی ٢٠١٤ لەوڵاتانی رۆژئاوای ئەفریقیا سەری هەڵدایەوە و بەدنیادا بڵاوبۆوە (منظمة الصحة العالميه, مرض فيروس الايبولا, 10شباط 2020) ، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی تاوتوێی ئەو بارودۆخەی کرد کەڤایرۆسی ئیبۆلا لەرووی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەگەڵ خۆی هێناوە، لەئەنجامی کۆبوونەوە و گفتوگۆکان دا ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەوە گەیشت کەڤایرۆسی ئیبۆلا هەڕەشەیەکی نوێ و بایۆلۆجیە بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی و مرۆڤایەتی، بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم هەڕەشەیە بڕیارێکی تایبەتی دەرکرد بەژمارە (2117) ساڵی (2014) لەو بڕیارەدا ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دان بەوەدا دەنێ کە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی ئیبۆلا لەوڵاتانی ئەفریقیا بەشێوەیەك کەپێشینەی نییە، هەڕەشەیە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەئەم ڤایرۆسە دەبێتە هۆی لەدەست دانی ئەوەی لەبارەی بنیات نانی ئاشتی لەو کیشوەرە وەدەست هاتووە، هەروەها باسی ئەوە دەکات کەلەسەر ئاستی ئاسایشی ناوخۆی ئەو دەوڵەتانەی ڤایرۆسەکەی تێدا بڵاوبۆتەوە، مەترسی بۆ سەر سەقامگیری دروست دەکات و ئەگەری سەرهەڵدانی توندوتیژی لەئارادایە و ئەگەر بەزوویی گەمارۆ نەدرێ ڕەنگە ئەو وڵاتانە تووشی داڕووخانی سیاسی و ئاسایشی و کۆمەڵایەتی بکات، خاڵێکی گرنگی ئەو بڕیارە ئەوەیە کەجەخت لەوە دەکات کەدەبێ بەرپرسیاریەتی هاوبەش لەپاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لەئەستۆ بگیرێ ( مجلس الامن الدولي, قرار 2117 (2014) 18/ ايلول 2014).

شایانی ئاماژەپێدانە کەئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری ژمارە (١٩٨٣) ساڵی (٢٠١١) ی لەبارەی ڤایرۆسی ئایدزەوە دەرکردبوو، بەڵام بەڕاشکاوی دانی بەوەدا نەناوە کەئەم ڤایرۆسە هەڕەشەیە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانی، بۆیە بەدەرکردنی بڕیاری (٢١٧٧) لەساڵی (٢٠١٤) ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ یەکەمجار لەمێژووی خۆیدا دان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەوەدا دەنێ کەدۆزێکی تەندروستی دەبێتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش و ئاشتی نێودەولەتی(باسل علي عباس, 2020, ص112).

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڤید 19 بەناو گەلان و دەوڵەتانی دنیادا، رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و دەزگاکانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەم رووداوە جیهانیە کرد، سکرتێری گشتی رێکخراوەکە بەڕێز (ئەنتۆنیۆ گوتێرێز) ئەوەی بەگوێی مرۆڤایەتی دا راگەیاند کەجیهان رووبەڕووی هەڕەشەیەکی بێ وێنە بۆتەوە، پەتای ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ بەخێرایی گۆی زەوی دادەپۆشێ، هەڕەشە لەهەموو مرۆڤایەتی دەکات، بۆیە دەبێ هەموو مرۆڤایەتی پێکەوە بەرەنگاری ببنەوە.(Antonio Guterres, 25March2020)

هەروەها لەو وتارەی کەلەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کەرێکەوتی ٩ی نیسانی ٢٠٢٠ بەڕێوەچوو، پێشکەشی کرد سکرتێری گشتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەراشکاوی دانی بەوەدا نا پەتای کۆڤید ١٩ هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانی و ئەگەر هەیە ببێتە هۆی زیاد بوونی پەشێوی و توندوتیژی کۆمەڵایەتی ئەمەش کاریگەری دەبێ بۆ سەر تواناکانمان لەبەرەنگاربوونەوەی نەخۆشیەکە (Antonio Guterres,9Aapril2020).

هەر لەو وتارەدا سکرتێری گشتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەیەوێ لەبەردەمی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کەبۆچی کۆڤید ١٩ هەڕەشەیە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەولەتی، بەو ئاڕاستەیەدا ئاماژە بەهەشت خاڵی سەرەکی دەکات:

یەکەم: لاوازکردنی متمانە بەدامەزراوە گشتیەکانی دەوڵەت، بەتایبەتی ئەگەر هاووڵاتیان هەستیان کرد کەئەو دامەزراوانە بەئەرکی خۆیان هەڵنەساون.

دووەم: ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ لێکەوتەی ئابووری وێرانکەری دەبێ بەتایبەتی بۆ کۆمەڵگا و دەوڵەتە پەراوێزەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سێیەم: ئەگەری سەرهەڵدانی گرژی سیاسی و قەیرانی شەرعیەت بەهۆی دواکەوتنی هەڵبژاردنەکان و هەلپەرستی سیاسی.

چوارەم: لەو وڵاتانەی لەحاڵەتی کێشمەکێش دان، لەوانەیە هەندێ لایەن بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە بقۆزنەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان و ئەگەری زیادبوونی توندوتیژی زیاد دەبێ.

پێنجەم: لەکاتێکدا حکومەتەکان خەریکی بەرەنگاربوونەوەی پەتاکەن، گروپە تیرۆریستیەکان هەلیان بۆ دەڕەخسێ بۆ خۆ بەهێزکردنەوە و خۆ دەرخستنەوە.

شەشەم: مەترسی هێرشی تیرۆری بایۆلۆجی زیاد دەبێ.

حەوتەم: دروست بوونی بەربەست لەبەردەمی هەوڵە نیشتمانی و هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان بۆ چارەسەری کێشەکان و پەککەوتنی کردەوەکانی ئاشتیپارێزی.

هەشتەم: زیادبوونی ئاڵنگاری و گرفت لەبواری مافەکانی مرۆڤ.(ibid)

لەم بارەوە جیل غرسیانی مامۆستا لەپەیمانگای زانستە سیاسیەکانی پاریس رای وایە پەتای ڤایرۆسی کۆڤید ١٩، هەڕەشە لەئاسایشی هەموو جیهان دەکات، پەیوەندی نێوان دەوڵەتەکان رادەچڵەکێنێ و دەیانخاتە بەردەم دووبارە پێداچوونەوە و هاتنە ئارای پەیوەندی جیۆپۆلەتیکی نوێ بەتایبەتی کەجیهان رووبەڕووی تەنگژەیەکی ئابووری قوڵی وا دەڕوا کەئەوسەری دیار نییە، ئەو قەیرانەی کەڤایرۆسی کۆڤید ١٩ دروستی کردووە قەیرانێکی جیهانییە(جیل غرسیانی، 27 مارس، 2020).

ئەم قەیرانە لەو لایەنەوە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی و ناوخۆی دەوڵەتان دروست دەکات، کەدەبێتە مایەی کەم بوونەوەی داهاتی حکومەت و کورتهێنانی بودجە و زۆربوونی تێچووەکان، بەمەش توانای حکومەتەکان لەدابین کردنی خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان و راگرتنی باری بژێوی هاوڵاتیان لاواز دەبێ، هەژاری و بێکاری زیاد دەبێ، لێرەوە هاوڵاتیان متمانەیان لاواز دەبێ و قەیرانی رەوایەتی بۆ دەسەڵاتی سیاسی دروست دەبێ و سەقامگیری سیاسی شلۆق دەبێ و ئەگەری سەرهەڵدانی توندوتیژی کۆمەڵایەتی

و سیاسی زیاد دەبێ، هەموو ئەمانە بەسەریەکەوە دەبنە مایەی هەڕەشە بۆ سەر سەقامگیری و ئاسایشی جیهانی.(Susan Schmeire, & others, April 1, 2020)

رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەراپۆرتێکی تایبەتی دا کەلەمانگی ئازاری ساڵی ٢٠٢٠دا بڵاوکراوەتەوە، چەندین نموونەی هێناوەتەوە و زانیاری وردی نیشان داوە لەسەر ئەوەی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید ١٩ مەترسی زۆری دروست کردووە بۆ سەر ئاسایشی تەندروستی و ئاسایشی کارکردن و ئازادی هاتوچۆ و ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ، ئەم بوارانە هەریەکێکیان بەشێکە لەئاسایشی مرۆیی بۆیە بوونی مەترسی لەسەریان یەکسانە بەبوونی هەڕەشە لەسەر ئاسایشی مرۆیی(منظمة مراقبة حقوق الانسان، 19/ مارس 2020).

لەژێر کاریگەری لێکەوتەکانی پەتای کۆڤید ١٩، لەوڵاتی ئەسیوپیا پرۆسەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن کەدەبوو لەمانگی حوزەیرانی ٢٠٢٠ ئەنجام بدرێ دواخرا و ڕەوایەتی بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسی نوێ نەکرایەوە، بەهۆی ئەمە کێشەیەکی توند لەنێوان (حکومەتی فیدراڵی ئەسیوپیا) و (هەرێمی تیگرای) سەری هەڵدا و گەیشتە ئاستی بەکارهێنانی هێزی سەربازی و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لەنێوان هەردوولا، بەمەش جگە لەڕوودانی کوشتار و خوێن ڕژان و ئاوارەبوون و کارەساتی مرۆیی ئەو سەقامگیری و ئاسایشە شلۆقەی هەبوو ئەویش لەبار چوو نەما (International Crisis Group, 5 November 2020).

ئەوەی جێگای سەرسوڕمان و لەسەر وەستانە ئەوەیە کەوێرای ئەوەی سکرتێری گشتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەروونی و ئاشکرایی جەخت لەوە دەکات کەپەتای ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ وەك پەتایەکی جیهانی بووەتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی، کەچی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی هەر چەندە لە (1) تەموزی 2020 بڕیاری (2532) 2020 لەبارەی پەتای کۆڤید 19 دەردەکات، بەڵام بەئاشکراو بەڕوونی دان بەوە دانانێ کە هەڕەشە بێ بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و پرسەکە نابەستێتەوە بەبەشی حەوتەم و مادەی (39) لە ڕەوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە باس لەبوون و ڕووودانی هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکات و والە

بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی دەکات هێزی پابەندبوونیان هەبێ، لەوبڕیارەدا ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ئاماژەی بەوەداوە کە؛ ئەنجوومەن وای دادەنێ کە فراوان بوونی مەودای پەتای کۆڤید 19 بەشێوەیەك کە پێشینەی نییە لەوانەیە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەوتی بخاتە مەترسیەوە (مجلس الامن الدولي، قرار 2532 (2020) 1 تموز 2020 ).

لەو بڕیارەدا ئەنجومەنی ئاسایش نێودەوڵەتی دان بەوەدادەنێ کەپەیوەندی وکار لێککردنی دووسەرە لەنێوان پەتای کۆڤید 19و بوونی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی هەیە بەڵام پەتاکە وەك هەڕەشەیەك کە ڕوویداوە بۆسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی دانانێ.

ئەمەش بەهۆی بوونی هەڵوێست و روانگەی جیاواز لەلایەن ئەندامانی هەمیشەیی لەئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەتایبەتی لەنێوان وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین، هەروەها لەسەرەتاوە روسیای فیدراڵی و چین لەگەڵ ئەوە نەبوون ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیار لەبارەی پەتای کۆڤید ١٩ دەربکات بەپاساوی ئەوەی ئەم پرسە ناکەوێتە چوارچێوەی تایبەتمەندیەکانی ئەنجومەنی ئاسایشەوە (د. محمد علي السقاف، 14 ابريل 2020).

ئەم هەڵوێستەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەتایبەتی ئەندامانی هەمیشەیی لەچەندین لاوە جێگای لێکدانەوە و روون کردنەوەیە:

یەکەم: دانەنانی پەتای کۆڤید ١٩ وەك هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی پەیوەندی هەیە بەبوونی کێشە و هەڵوێستی جیاواز لەنێوان ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش، نەك ئەوەی بابەتەکە ناکەوێتە چوارچێوەی تایبەتمەندیەکانی ئەنجومەنەوە، چونکە ئەم پاساوە بێ بنەمایە بەتایبەتی کەلەرابردوودا و لەدۆزی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی ئیبۆلا لەوڵاتانی ئەفریقیا لەساڵی ٢٠١٤ ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری (2177) دەرکردووە و ڤایرۆسی ئیبۆلای بەهەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی داناوە.

دووەم: لەپێشەکی دەستوری رێکخراوی تەندروستی جیهانی دا ئەوە هاتووە کەتەندروستی گەلان پرسێکی سەرەکی ئاشتی و ئاسایشە و پشت بەهاریکاری دەوڵەتان و تاکەکان دەبەستێ. (WHO Constitution, 2020, p1)واتا دەستوری رێکخراوی تەندروستی جیهانی کەدەزگایەکی گرنگی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە جەخت لەوە دەکات کەپەیوەندی پتەو و دووسەرە لەنێوان تەندروستی گەلان و مرۆڤ و بوونی ئاشتی و ئاسایش هەیە و تەواوکەری یەکترین، بۆیە ئەو پاساوەش رەوا نییە کەپێی وایە بەرەنگاربوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ و لێکەوتەکانی پەیوەندیان بەئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیەوە نییە.

سێیەم: سەرەڕای ئەوەی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان جەخت لەوە دەکات کەلەساتەوەختی دامەزراندنی رێکخراوەکەوە تا ئێستا هیچ کات تووشی ئاڵنگاری مەترسیداری وەك ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ نەبووە و ئەم پەتا جیهانییە هەڕەشەیە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانی، کەچی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی چاو لەوە دەپۆشێ کەهەڕەشە بێ بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئەمە نیشانەی بوونی ناکۆکی قوڵی سیاسی و روانگە و هەڵوێستی جیاوازی نێوان ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشە، هەروەها ئاماژەن بۆ ئەوەی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئۆرگانەکانی بەدەست کێشەی دەستوری و هەیکەلی و بنەماکانی کارکردنەوە گیری خواردووە و توانای گونجاندنی لەگەڵ گۆڕانکاریەکان نییە و توانای سەرکردایەتی کردنی قەیرانەکانی سنوردارە و پێویستی بەچاکسازی قوڵ و فراوان هەیە.

چوارەم: پەتای کۆڤید ١٩ بووە هۆی ڕوودانی گۆڕانکاری ووەچەرخانی ئەوتۆ کەمەترسیان بۆ سەر ئاسایشی ناوخۆی دەوڵەتان و هەروەها ئاسایشی نێودەوڵەتی دروست کرد، زەمینەی زیاتری بۆ توندبوونی گرژی و کێشە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان ڕەخساند، بۆیە دەبوو ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کاراتر مامەڵەی لەگەڵ ئەو قەیرانە کردباو لەو بڕیارەی لەم بارەوە دەرکی کرد بەڕوونی پەتاکەی وەك هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی هەژمار کردباو پەیوەستی کرد بابەمادەی (39) و بەشی حەوتەم لە پڕوانامەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باسی دووەم: ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ و هاریکاری نێودەوڵەتی

ئەو قەیرانەی پەتای کۆڤید ١٩ دروستی کردووە بەمانای وشە جیهانیە،مرۆڤایەتی لەیەك بەرەی بەرگری دا کەوتە ململانێ لەگەڵ دوژمنێکی ئەوتۆ کەخاوەن سروشت و خەسڵەتی تایبەتە، سکرتێری گشتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان وا وێنای پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای کرد کەمەترسیەکی جیهانییە و دەبێ جیهان پێکەوە بەرەنگاری بێتەوە، هەروەها وا وەسفی کرد کەدوژمنێکی هاوبەشی هەمووانە و جەختی لەوە کرد دەبێ دژی ئەم دوژمنە جەنگ رابگەیەنین و وا پێویستە هەموو دەوڵەتان بەرپرسیاریەتی لەئەستۆ بگرن ( أنطونيو غوتيريش، 16 مارس 2020).

ئەم ڕاوبۆچوونەی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان هەڵگری ئەو پەیامە بوو کەدەبێ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای هاریکاری و بەرپرسیاریەتی هاوبەش مامەڵە لەگەڵ هەڕەشەکانی ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ بکەن و بەکۆمەڵ و پێکەوە ڕووبەڕووی ئەو ئاڵنگاریە ببنەوە، لێرەدا پرسیارێك خۆی دەخاتەڕوو: ئایا لەمامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانی ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تا چەند پابەند بوو بەناوەڕۆك و بنەماکانی هاریکاری نێودەوڵەتی کەرێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و دەزگا و ئاژانسەکانی ناوەند و مەڵبەندی سەرەکی ئەو جۆرە هاریکاریەن؟

لەم باسەدا هەوڵ دەدەین شرۆڤەی هاریکاری نێودەوڵەتی لەبەرەنگار بوونەوەی ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ بکەین لەناو دەزگا و ئاژانسە سەرەکیەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەمەش لە (٣) لق دا دەخەینەڕوو.

لقی یەکەم تایبەتە بەکۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان و هاریکاری نێودەوڵەتی. لقی دووەم تەرخان کراوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و رۆڵی لەبەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆڤید ١٩، لەلقی سێیەمیشدا باسی رۆڵی رێکخراوی تەندروستی جیهانی دەکەین لەبواری هاریکاری نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆڤید ١٩.

لقی یەکەم/ کۆمەڵەی گشتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و هاریکاری نێودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی کۆڤید ١٩

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاریکاری نێودەوڵەتی تێزێکە پێچەوانەی ململانێی نێودەوڵەتی، وا لە پەیوەندی نێوان دەوڵەتان دەکات، کە زیاتر دۆستانەو کەمتر دوژمنکارانە بن، لە زیاتر لەبوارێك و پەپێی چەندین ئامرازی جیاواز ئەنجام دەدرێ (د.سعد حقی، 2018، ص602).

رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان وەك قەوارەیەکی نێودەوڵەتی خاوەن ئیرادەی سەربەخۆ و ئامانجی هاوبەشن و سەرەکیترین ناوەندن بۆ هێنانە ئارای هاریکاری نێودەوڵەتی (د. عبدالله علی، 2011، ص18) رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان نموونەیەکی زیندووە بۆ رۆڵ بینین لەبواری هاریکاری نێودەوڵەتی، لەماددەی یەکەمی پڕوانامەی رێکخراوەکەدا ئەوە هاتووە کەهێنانەدی هاریکاری نێودەوڵەتی لەچارەسەرکردنی دۆزە نێودەوڵەتیەکان لەبوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوری و مرۆیی، هەروەها کردنی رێکخراوەکە بەناوەندی هەماهەنگی کردن لەنێوان چالاکیە نێودەوڵەتییەکان و ئاراستەکردنیان بەشێوەیەکی ئەوتۆ کەخزمەت بەمەبەستە هاوبەشەکانی رێکخراوەکە بکات لەئامانجە سەرەکیەکانییەتی ( د. حسن نافعة، 1995، ص79 - 80 ).

لەپرسی پەتای ڤایرۆسی کۆڤید ١٩، رێکخراوی نێودەوڵەتی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئۆرگان و ئاژانسەکانی، بەشێوەیەك مامەڵەیان کرد و دەستیان بەرۆڵ گێڕان کرد کەوا نیشان بدەن بەکردەوە ناوەند و سەکۆی سەرەکین بۆ هاریکاری و هەماهەنگی نێودەوڵەتی، بەئاراستەی بەرجەستەکردنی ئەم هاریکاریە نێودەوڵەتیە لەبوارێکی مرۆیی و تەندروستی گرنگ دا کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان کەیەکێکە لەئۆرگانە سەرەکیەکانی رێکخراوی نێودەوڵەتی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەرکێکی سەرەکی بریتییە لەشرۆڤە و راسپاردەکاری پەیوەست بەپەرەپێدانی هاریکاری نێودەوڵەتی لەبوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوری و خوێندن و تەندروستی(الامم المتحدة، میثاق الامم المتحدة، ص4) لەرێکەوتی ٣ی نیسانی ٢٠٢٠ بڕیاری ژمارە (٢٧٠/٧٤)ی دەرکرد بەناونیشانی (هاوکاری نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆڤید ١٩) لەو بڕیارەدا کۆمەڵەی گشی جەخت لەپێویستی کاری پێکەوەیی لەسەر ئاستی نیشتمانی و هەرێمی و نێودەوڵەتی دەکات و ئەوە دەخوازێ کەلەمامەڵە لەگەڵ ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ وەڵامگۆیەکی جیهانی لەسەر بنەمای یەکڕیزی و هاوکاری و نوێکردنەوەی هاریکاری فرە لایەنی بێتە ئارا، ئاماژەی بەوە داوە کەکۆمەڵەی گشتی بەنیگەرانیەکی زۆرەوە تێبینی ئەو مەترسیەی کردووە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەبۆتە هەڕەشە بۆ سەر تەندروستی و سەلامەتی و خۆشگوزەرانی مرۆڤ، دەزانێ کەئەم پەتایە لێکەوتەی وێرانکەری دەبن لەرووی پەکخستنی ژیانی کۆمەڵگاکان و ئابوری و بازرگانی و گەشت و گوزەرانی خەڵك، ئەوەی خستۆتەڕوو کەپابەندبوونی خۆی نوێ دەکاتەوە بۆ هاوکاری کردنی ئەو کەس و کۆمەڵگایانەی کەتووشی هەلومەرجی نەخوازراو بوون بەتایبەتی کۆمەڵگا لاواز و پەراوێزبووەکان، هەروەها بەڵێن دەدا کەبەبەردەوامی کار بۆ گەشەپێدانی بەردەوام و کارکردنی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەیەکدەستی بکا بەمەبەستی پاڵپشتی کردنی حکومەتەکان (الجمعیة العامة للامم المتحدة، قرار270/14 (2020) 3نیسان 2020)

لەم ڕیارەدا کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان پەتای ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ وەك مەترسیەکی جیهانی دەناسێنێ و جەخت لەوە دەکات کەدەبێ دەوڵەتان و گەلانی دنیا پێکەوە هەڵوێست بنوێنن واتا پێی وایە هاریکاری نێودەوڵەتی دەتوانێ لەبەرەنگاربوونەوەی ئەم دوژمنە هاوبەشەدا کاریگەری هەبێ، وەپابەندبوونی خۆی بەپێشکەش کردنی کۆمەك و هاوکاری بۆ ئەندامان دووپات دەکاتەوە.

ئەوەی جێگای سەرنج و لەسەر وەستانە ئەوەیە کەلەو ڕیارەدا هیچ جۆرە ئامرازێك دیاری نەکراوە بۆ ئەوەی کاربکات بۆ هێنانە ئارا و وەگەڕخستنی هاریکاری نێودەوڵەتی لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ بۆ نموونە دامەزراندنی لیژنەیەکی باڵای نێودەوڵەتی تایبەت بەپێشکەش کردنی کۆمەك و هاوکاری بۆ ئەو دەوڵەت و کۆمەڵگایانەی خاوەن بارودۆخی خراپ و تایبەتین.

گرنگە ئاگاداری ئەوەش بین کەڕیارەکانی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان پابەندێتی لای ئەندامان دروست ناکات واتا کۆمەڵەی گشتی دەسەڵاتی دەرکردنی ئەو ڕیارانەی نییە کەهێزی پابەندبوونیان هەیە، جێبەجێکردنی ڕیارەکان دەکەوێتە سەر رادەی هاوکاری و رازی بوونی دەوڵەتانی ئەندام بەڕیار و راسپاردەکان(د. حسن نافعة، 1995، ص96) بۆیە ئەم ڕیارەی کۆمەڵەی گشتی لەرووی هێنانە ئارای هاریکاریەکی نێودەوڵەتی واقیعیانە و چالاکانە و پشت بەستوو بەئامرازی کارا و سەردەمیانە دەرەنجامێکی ئەوتۆی نەبوو کەلەئاست بەرەنگاری ئەو مەترسە و هەڕەشەیە بێ کەڤایرۆسی کۆڤید ١٩ بۆ سەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مرۆڤایەتی هێناویەتی و لەئاست ئەو چاوەڕوانیە نەبوو کەمرۆڤایەتی لەرێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان هەی بوو.

جگە لەم بڕیارە، هەوڵی سکرتێری گشتی و کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بەردەوام بوو بۆ ئەوەی هاریکاری نێودەوڵەتی لەڕوبەڕووبونەوەی پەتای کۆڤید ١٩ لەرێگای ئۆرگانەکانی دیکەی رێکخراوەکە بێتە دی، لەم بارەوە بانکی نێودەوڵەتی ئەوەی ئاشکرا کرد کەپاڵپشتی دارایی تایبەت تەرخان دەکات بۆ ئەو وولاتانەی کەبەهۆی پەتای کۆڤید ١٩ وەتووشی پەشۆکانی تەندروستی و کۆمەلایەتی و ئابووری بوون، لەم چوارچێوەیەدا بڕی (١٦٠) ملیار دۆلار دەبەخشێ یان بەمەرجی سووك و ئاسان دەیداتە وڵاتان، ئەمەش بەمەبەستی رێگاگرتن لەبڵاوبوونەوەی پەتاکە و دابین کردنی کەرەسە و کەلوپەل و خزمەتگوزاری تەندروستی، دروست کردنی نەخۆشخانە و دەزگای تەندروستی، دانانی سیستەمی چاودێری کۆمەڵگایی خێرا بۆ نەخۆشیەکان. بەهێزکردنی هاریکاری لەپێناو توێژینەوە و گەشەپێدانی ڤاکسین و چارەسەریەکان.(World Bank Group, 11 Feb2020)

شایانی باسە بانکی نێودەوڵەتی لەراپۆرتێکی تایبەتی دا بەناونیشانی (پاراستنی مرۆڤ و ئابوری، وەلامگۆیی تەواو لەسەر ئاستی سیاسەتەکانی کۆششەکانی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا) جەختی لەوە کردووە کەهاریکاری نێودەوڵەتی رۆڵێکی ئەوپەڕی گرنگ دەبینێ لەبەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆڤید ١٩ بەتایبەتی لەبوارەکانی داهێنانی زانستی و توێژینەوە بەمەبەستی بەرهەم هێنانی ڤاکسین، هەروەها پاڵپشتی ئەو وڵاتانەی کەم دەرامەتن دەکات تا بتوانن لەڕووی ئابوری و تەندروستی مامەڵە لەگەڵ قەیرانەکە بکەن، لەوەش زیاتر بۆ پاراستنی سەرمایەی مرۆیی و بەدەست هێنانی بژێوی(تقرير مجموعة البنك الدولي, 2020, ص15) بەو ئاراستەیەدا بانکی نێودەوڵەتی کۆمەکی دارایی پێشکەش بەچەندین وڵاتانی دنیا کردووە لەناویاندا (یەمەن، میسر، عێراق) هەروەها لە ١٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠ ئەنجومەنی بەڕێوەبەرانی جێبەجێکردنی بانکی نێودەوڵەتی ڕەزامەندی نیشان دا لەسەر گوژمەك بەبڕی ١٢ ملیار دۆلار بۆ وڵاتانی تازەپێگەیشتوو بەمەبەستی کڕینی ڤاکسین و چارەسەری و دەرمانی تایبەت بەڤایرۆسی کۆرۆنا و دابەش کردنی بەسەر هاولاتیان دا، تا ئەوکاتە هاوکاریەکانی بانکی نێودەوڵەتی پێشکەش بە (١١٠) دەوڵەت کرابوو (البنك الدولي، 10 تشرينى الاول، 2020 ).

لقی دووەم: ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ڕۆڵی لەبەرەنگاربوونەوەی

پەتای کۆڤید ١٩

ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی یەکێکە لەکاریگەرترین ئۆرگانەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، لەدۆزی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی ئیبۆلا لەوڵاتانی رۆژئاوای ئەفریقیا لەساڵی ٢٠١٤ بڕیارێکی تایبەتی دەرکرد، لەباسی یەکەمی توێژینەوەکەماندا زانیاریمان لەبارەیەوە خستەڕوو، بەڵام لەمامەڵەکردن لەگەڵ پەتای ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ رۆڵ و هەڵوێستی جیاواز بوو، بەم خاڵانەی خوارەوە روونی دەکەینەوە:

١-لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید ١٩ تا سەرەتای مانگی ئایاری ٢٠٢٠، واتا لەماوەی چوار مانگ دا، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی تەنها یەك کۆبوونەوەی تایبەتی بۆ گفتوگۆ لەسەر هەڕەشەی پەتای کۆڤید ١٩ و لێکەوتە مەترسیدارەکانی تەرخان کردووە، ئەو کۆبوونەوەیە لەرێکەوتی ٩ی نیسانی ٢٠٢٠ بەشێوەی گریمانەیی و ڤیدیۆیی بەڕێوەچوو، بەڵام ئەنجوومەنی ئاسایش نەبڕیارێکی تایبەتی لەو بارەوە دەرکرد نەڤایرۆسی کۆڤید ١٩ی وەك هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی هەژمار کرد. تەنها لەشێوەی لێدوانێکی رۆژنامەوانی ئەوەی خستەڕوو کەئەنجومەنی ئاسایش پشتیوانی خۆی بۆ هەوڵەکانی سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەردەبڕێ کەلەشێوەی بەهاناوەهاتنی مرۆییانە راگەیاندراون بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ لێکەوتەکانی پەتای کۆڤید ١٩ لەسەر وڵاتانی خاوەن کێشە و ململانێ، وەجەختیان لەوە کردۆتەوە کەیەکگرتوویی و هاوکاری بۆ بەهاناوەچوونی زیان پێکەوتوان پێویستن(خوسیە بلانکو، 9نیسان 2020).

شایانی باسە رەشنووسی دوو بڕیار لەبەردەمی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بوون یەکێکیان لەلایەن فەڕەنساوە و ئەوی دیکەیان لەلایەن تونسەوە ئامادەکرابوو، بەڵام بەهۆی بوونی کێشە و بیروبۆچوونی جیاواز و رێککنەکەوتنی دەوڵەتانی زلهێزی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش و نەسازانیان لەگەڵ یەکتری نەتوانرا هیچ بڕیارێك لەو کۆبوونەوە لەبارەی پەتای کۆڤید ١٩اوە دەربچێ(مونتیکارلو الدولیة، 26 نیسان2020).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢ -ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەشێوەی لاوەکی و ناڕاستەوخۆ لەهەندێ کۆنفرانس و بەیاننامەی رۆژنامەوانی ئاماژەی بەبابەتی پەتای کۆڤید ١٩ کردووە، لەرێکەوتی ٦ی ئازاری ٢٠٢٠ نوێنەری دەوڵەتی چین لەرێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان (تشانگ جون) بەبۆنەی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ مانگی ئازار لەکۆنفرانسێکی رۆژانەوانی دا ئەوەی راگەیاند کەبڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید ١٩ مایەی ترس و دڵەڕاوکێ نییە، چین لەجەنگی دژی کۆرۆنادا پێشکەوتنی باشی بەخۆوە بینیوە، هەروەها داوای هاریکاری نێودەوڵەتی و جیهانی کرد بۆ ئەوەی بتوانرێ گەمارۆی ئەم پەتایە بدرێ و پێشی پێ بگیرێ (المندوب الصينى تشانغ جون، مارس 2020) کاتێك باسی ئەو دۆز و بابەتانەی کرد کەدەوڵەتی چین لەماوەی ئەو مانگەدا کەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی ئاسایش دەکات بایەخیان پێ دەدا و بەهەندیان وەردەگرێ، بەهیچ شێوەیەك بەلای پەتای کۆڤید ١٩دا ناچێ و پشت گوێی دەخا. هەروەها لەدوو بەیاننامەی رۆژنامەوانی دیکەدا کەلەمانگی نیسانی ٢٠٢٠دا دەرچوون و تایبەتن بەبارودۆخی یەمەن و کۆلۆمبیا، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی باسی مەترسیەکانی پەتای کۆڤید ١٩ دەکات، وەك هەڕەشە و ئاڵنگاریەك وەسفی دەکا و داوا دەکا کێشە و گرفتە ناوخۆییەکان بەرێگای سیاسی چارەسەر بکرێن و دووربکەونەوە لەشەڕ و پێکدادانی چەکداری، چونکە تواناکانی بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆڤید ١٩ بەهەدەر دەدا و دەرفەتەکانی پێشکەش کردنی پێداویستی و خزمەتگوزاری تەندروستی لەکیس دەچن (Security Council: Press Release, April2020)لەکارنامەی مانگەکانی کانوونی دووەم و شوبات و ئازار و نیسانی ساڵی ٢٠٢٠ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دا جگە لەو کۆبوونەوەیەی لە ٩ی نیسانی ٢٠٢٠ ئەنجام درا و پێشتر باسمان کرد، بەهیچ شێوەیەك بایەخ دان بەبابەتی پەتای کۆڤید ١٩ ئاماژەی پێ نەدراوە و نەخراوەتە ناو کارنامەی ئەنجومەنەوە (UNSC Previous Monthly Programmes, 2020).

لێرەوە بۆمان روون دەبێتەوە کەئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی زۆر بەدرەنگی گفتوگۆ لەسەر پەتای کۆڤید ١٩ دەست پێ دەکات، هەروەها لەناو کارنامەی خۆی دا بایەخی پێ نادا، لەوەش زیاتر سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی چەواشەکاری لەگەڵ مرۆڤایەتی دەکات و بەئاشکرا باسی ئەوە دەکات کەپەتای کۆڤید ١٩ جێگای ترس و دڵەڕاوکێ نییە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم هەڵوێستە بێباکەی ئەنجومەنی ئاسایش بەرامبەر هەڕەشەی پەتای کۆڤید ١٩ لەلایەن دەوڵەتانی چین و روسیای فیدراڵی وا پاساو درا، کەبابەتی پەتای کۆڤید ١٩ پەیوەندی بەتایبەتمەندیەکانی ئەنجومەنی ئاسایشەوە نییە و پێیان وابوو دەبێ رێکخراوی تەندروستی جیهانی مامەڵە لەگەڵ پەتای کۆڤید ١٩ بکات و لەئەستۆی بگرێ نەك ئەنجومەنی ئاسایش، بەڵام لەراستی دا ئەمە پاساوێکی بێ بنەما بوو، چونکە پێشتر ئەنجومەنی ئاسایش لەبارەی مەترسی ڤایرۆسی ئیبۆلا لەئەفریقیا بڕیاری دابوو، لەلایەکی دیکەوە کێشە و روانگەی جیاوازی نێوان زلهێزەکان لەو کۆبوونەوەدا بەربەستی سەرەکی بوون، وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا داوای کرد کەلەناو بڕیارەکەدا بڕگەیەك هەبێ باسی ئەوە بکا کەوڵاتی چین سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید ١٩ایە، ئەمەش بەتوندی لەلایەن چین و روسیای فیدراڵی رەت کرایەوە، واتا بوونی روانگە و هەڵوێست و بەرژەوەندی جیاوازی زلهێزەکان هۆکاری سەرەکی بوو بۆ ئەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی نەتوانێ بڕیار لەبارەی پەتای کۆڤید ١٩ دەربکات (أول أجتماع لمجلس الامن بشأن كورونا، 7 ابريل 2020).

لەبارەی ئەم هەڵوێستە لاوازەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەرامبەر بەپەتای کۆڤید ١٩ و ئەو بێدەنگی و فەرامۆشکردنەی دەرهەق بەم مەترسیە جیهانیە هەی بوو نوێنەری ئەڵمانیا لەرێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان (کریستوف هوسجن) رەخنەی توندی لەئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان گرت و ئەوەی خستەڕوو کەلەناو ئەو رێکخراوە نێودەوڵەتیە و ئۆرگانەکانی دا سەرکردایەتی و هێزی کۆکەرەوە و ئاڕاستەکەر بوونی نییە( کریستوف هوسجن، 10 ابريل 2020).

سەرۆکی فەڕەنسا (ئیمانوێل ماکرۆن) هەوڵی بەرچاوی دا کەرۆڵی ئەو لایەنە کۆکەرەوە ببینێ و پێشنیاری کۆبوونەوەیەکی لوتکەی سەرۆکی پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی کرد، بەڵام بەهۆی بوونی روانگە و هەڵوێستی جیاوازی نێوان وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین ئەم هەوڵەی سەرۆکی فەڕەنسا سەری نەگرت، لەم بارەوە نوێنەری رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەگروپی قەیرانە نێودەوڵەتیەکان (ریتشاد غول) پێی وایە ئەو پێداگریەی کەوڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا کردی لەسەر ئەوەی بەرپرسیاریەتی بڵاوبوونەوەی کۆڤید ١٩ بخەنە ئەستۆی چین پێداگریەکی بێ مانابوو،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها چینیەکانیش لەپێشکەشکردنی روانگە و پاساوی پرواپێکەر دەربارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانەکە شکستیان هێنا و زیاتر سەرگەرمی بەرگری کردن بوون لەپێگە و ناوبانگی خۆیان، قەیرانی پەتای کۆڤید ١٩ ئەوەی دەرخست کەنەوڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و نە چین ئامادەیی و توانای ئەوەیان نییە سەرکردایەتی سیستەمی نەتەوەیەکگرتووەکان بکەن .(Colume Lynch, 8 April2020 ).

دوای ئەوەی ئەڵمانیا سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی وەرگرت لە سەرەتای تەموزی 2020 بڕیاری (2523) 2020 لەبارەی پەتای کۆڤید 19وە دەرکرد کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، لەبارەی ئەم بڕیارەوە وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا (هایکوماس) ئەوەی ڕاگەیاند کە لەم بڕیارەدا ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی بانگەوازی ئاگربەستی جیهانی لەو ناوچانەی لەکێشمەکێش دان ڕاگەیاند، ئەمەش جێگای ئومێدەو ئێستا کاتی جێبەجێکردنی ئاگر بەستەیەکە، هەروەها ئەوەی ڕوونکردەوە کە بڕیارە کە بەرهەمی ئەنجامدانی گفتوگیەکی سەخت و دژوار بوو لەنێوان لایەنە سەرەکیەکان کە کەخاوەن ڕوانگەو هەڵوێستی جیاوازبوون. جەختی لەوەکرد کە لەئێستادا پتر لەهەرکاتێك ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پێویستی بەئیرادەی یەکگرتووانە هەیە، بۆ مامەڵە لەگەڵ پەتاکە کاری فرەیی وهاوکاری نێودەوڵەتی ڕۆڵی کاریگەریان دەبێ لەبەرەنگاربوونەوەی ئەم قەیرانە جیهانیە( وزير الخارجية الالمانية هايكوماس، 1 تموز 2020).

لەم بڕیارەدا ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی ئاماژە بەوەنادا کە ئەم بڕیارەی لەژێر سایەی بەشی حەوتەمی پروانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان دەرکردوە بۆیە هێزی پابەندبوونی لاوازە، هەروەها میکانیزمێکی کارای بۆ بەرجەستەکردنی هاریکاری نێودەوڵەتی لەبارەی جێبەجێکردنی ئاگربەست و بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆڤید 19 نەخستۆتە ڕوو، بەزمانی داوا دەکاو پێی باشە دەدوێ نەك زمانی ناچار کردن ویەکلاکەرەوە(د. محمد الوادراسي، 14 آب 2020).

دەرنەکردنی بڕیارێکی تایبەت لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایش و دانەمەزراندنی لیژنەیەك یان دیاری نەکردنی میکانیزمێك بۆ مامەڵە لەگەڵ قەیرانی پەتای کۆڤید ١٩ بێگومان ئەو

ئۆرگانەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە و ڕەنگدانەوەی دەبێ لەسەر سیستەمی نەتەوەیەکگرتووەکان، لەمامەڵەکردن لەگەڵ پرسی تیرۆر بەتایبەتی دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١ کەهەڕەشە بوو بۆ سەر ئاسایشی جیهان، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەگشتی و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی بەتایبەتی ڕۆڵی کارایان بینی لەرووی هەماهەنگی نێودەوڵەتی و دامەزراندنی نووسینگەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ قەڵاچۆکردنی تیرۆر و پێدانی ڕۆڵ و دەسەڵات لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە بەبەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکاری قەڵاچۆکردنی تیرۆر، لەماوەی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید ١٩ ئەو چاوەڕوانیە هەبوو لەئەنجومەنی ئاسایش و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کەبەهەمان شێوەی کارا ڕۆڵی خۆیان وازی بکەن (Chowdhury Fink, April 6,2020).

لەڕاستیدا ئەم چاوەڕوانیە لەئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی هەبوو کەبێتە ناوەندی بەرجەستەکردنی هاریکاری نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی نوێ و مێژوویی ئەوتۆ کەلەئاست ئەو هەڕەشە گەورە و ئاڵنگاریە بێ وێنەدا بێ کەبەهۆی پەتای کۆڤید ١٩ دووچاری مرۆڤایەتی بۆوە، ئەم ساتەوەختە مێژووییە بۆ خودی سیستەمی جیهانی و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش مانادار بوو لەوەی بیسەلمێنێ کەدەتوانێ ئەرکەکانی سەرشانی بەباشی رایی کات و لەئاستی بەرپرسیاریەتی دا بێ، هەروەها بۆ داهاتووش چارەنووسساز و وەچەرخانێکی جومگەیی بوو، لەم بارەوە (هنری کیسنجەر) شارەزای ناسراوی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان لەو باوەڕدایە، کەلێکەوتە تەندروستی و ئابوری و سیاسیەکانی پەتای کۆڤید ١٩ درێژخایەن و جیهانی دەبن، هیچ دەوڵەتێك هەتا وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاش ناتوانێ لەسەر ئاستی نیشتمانی بەسەر ئەو پەتایەدا زاڵ بێ، سروشتی هەڕەشەکە وایە پێویستی بەوەیە هەوڵ و کۆششەکان یەکگرتوانە بن و ڕوانگە و بەرنامەکان هاوبەش و جیهانی بن، ئەگەر لەتوانادا نەبێ ئەم کارانە پێکەوە بکرێن، ئەوا دەبێ چاوەڕوانی ڕۆژگارێکی ڕەشتر لەوەی ئێستا بین، ناوبراو پێی وایە متمانە بەدامەزراوە نێودەوڵەتی و نیشتمانیەکان گرنگە بۆ ئەوەی هاریکاری و پشتیوانی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی بەردەوام بێ، پەیوەندی کۆمەڵگاکان پتەوبێ و ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی پایەداربن، ئاماژە بەوە دەدات کەسەرکردە و دامەزراوە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لەبەردەم بەرپرسیاریەتێکی گەورەدان کەپەیوەستە بەبەڕێوەبردنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قەیرانی کۆڤید ١٩ و بنیات نانی دواڕۆژ، ئەگەر لەمەدا شکست بخۆن ڕەنگە جیهان و سیستەمی جیهانی بەتەواوی بگۆڕێ و لەوەش زیاتر لەوانەیە گڕبگرێ و بسوتێ (Henry Kissinger, April 3, 2020).

بەڵام بەداخەوە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی نەیتوانی بەشێوەیەکی کارا ببێتە ناوەندێکی کۆکەرەوە بۆ روانگە و بەرنامەی هاوبەش و جیهانی و یەکگرتووانە بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانی کۆڤید ١٩ و کارکردن بۆ بنیاتنانی دواڕۆژێکی باشتر، بەڵکو بوو بەشوێنگەی تێکگیرانی زیاتری زلهێزەکان و دابەش بوونێکی نوێی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەمەش بەرپرسیار دەبێ لەزیاتر قوڵ بوونەوەی کێشەکان و رۆیشتنی سیستەمی جیهانی رووەو هەڵدێری زیاتر.

دوای خستنەڕووی ئەو زانیاریانە و لێکدانەوەی هەڵوێستەکان و نیشان دانی راوبۆچوونی شارەزایان بۆمان دەردەکەوێ کەئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی:

١ -ئیرادەیەکی سیاسی یەکگرتووی ئەوتۆی نەبوو کەبتوانێ ببێتە مایەی پێکەوەسازان و رێککەوتنی ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەن و سەرەنجام بتوانێ بڕیارێکی وا سەبارەت بەپەتای کۆڤید ١٩ دەربکات کە هێزی پابەندبوونی هەبێ و میکانیزمی تایبەت بۆ ڕوبەڕووبونەوەی ئەو پەتایە دابنێ، بۆیە لەئاست ئەو چاوەڕوانیەدا نەبوو کەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی لێیان هەبوو، ئەمەش کاریگەری دەبێ لەسەر لەدەست دانی متمانە و لاوازبوونی زیاتری رۆڵی.

٢ -زیاتر نێوەند و گۆڕەپانێکە بۆ هێنانەدی بەرژەوەندی تایبەتی زلهێزەکان، نەك سەکۆیەك بۆ هاریکاری و هەماهەنگی نێودەوڵەتی لەپێناو هێنانەدی ئامانجەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و بەرژەوەندی باڵای گەلان و مرۆڤایەتی، ئەوەی لەناو ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دا هێزی بزوێنەر و ئاڕاستەکەرە سەروەری دەوڵەتانە، نەك سەروەری مرۆڤایەتی و رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان.

٣ -لەتاقیکردنەوەی قەیرانی پەتای کۆڤید ١٩ نەی توانی ئەوە نیشان بدات کە لە ئاست چاوەڕوانی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی دایە، ئەم ئەنجامەش دەرخەری ئەو راستییەیە کەئەم

ئۆرگانە کاریگەرەی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەدەست کێشەی جۆراوجۆرەوە گیری خواردووە وەك بەشێکی کاریگەر لەسیستەمی جیهانی پێویستی بەچاکسازی و دووبارە بنیات نانەوە هەیە.

لقی سێیەم: رێکخراوی تەندروستی جیهانی و بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆڤید ١٩

بەشی نۆیەمی پروانامەی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان تایبەتە بەهاوکاری نێودەولەتی لەبوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی، لەمادەی (٥٥) دا جەخت لەوە کراوە کەرێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کاردەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوری و کۆمەڵایەتی و تەندروستیە نێودەوڵەتیەکان، لەمادەی (٥٧) دا ئەوە روون کراوەتەوە کەبۆ هێنانە ئارای ئەو هاریکاریە نێودەولەتیە لەچارەسەری ئەو کێشە نێودەوڵەتیانە کۆمەڵێك ئاژانسی تایبەت بەپێی رێککەوتنی نێوان دەوڵەتان دادەمەزرێن، هەریەك لەو ئاژانسانە دەستوری تایبەت بەخۆی دەبێ (الامم المتحدة، ميثاق الامم المتحدة، ص39).

لەژێر رۆشنایی پروانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بەتایبەتی مادەی (٥٧) ی تایبەت بەدامەزراندنی کۆمەڵێك ئاژانس بۆ هێنانەدی هاریکاری نێودەوڵەتی لەبواری تەندروستی و چارەسەری کێشە تەندروستییە نێودەوڵەتیەکان (رێکخراوی تەندروستی جیهانی World - Health Organization)وەك یەکێك لەئاژانسە تایبەتەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دامەزرا و لەساڵی ١٩٤٨ دەست بەکار بوو (منظمة الصحة العالمية، معلومات عن المنظمة، 27 نيسان 2020).

بەپێی دەستوری رێکخراوی تەندروستی جیهانی، دەوڵەتانی ئەندام لەرێکخراوەکە لەو باوەڕەدان تەندروستی گەلان پرسێکی بنچینەییە لەدابین کردنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و ئەمەش پێویستی بەوەیە تاکەکان و دەوڵەتان بەتەواوی هاوکاری بکەن، ئامانجی رێکخراوەکە وەك لەماددەی (١)ی دەستورەکەی دا خراوەتەڕوو بریتییە لەوەی هەموو گەلانی دنیا ئاستێکی باڵایان لەتەندروستی هەبێ، بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە رێکخراوی تەندروستی جیهانی بەکۆمەڵێك ئەرك هەڵدەستێ هەروەك چۆن لەماددەی (٢)ی دەستوری رێکخراوەکەدا دیاری کراون لەسەرووی هەموویانەوە، ئەرکی هەماهەنگی و ئاڕاستەکەر لەبواری تەندروستی جیهانی، هەروەها هێنانەدی هاریکاری لەنێوان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئۆرگان و ئاژانسەکان، لەوەش زیاتر لەنێوان دەوڵەتانی دنیا لەبواری تەندروستی جیهانی، ئەرکێکی دیکەی گرنگی رێکخراوەکە خۆی لەپێشکەش کردنی کۆمەك و هاوکاری بۆ حکومەتەکان لەبواری خزمەتگوزاریە تەندروستیەکاندا دەبینێتەوە.(Constitution of the WHO,2020, p2)

لێرەوە بۆمان روون دەبێتەوە کەئەرکە سەرەکییەکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی بۆ هێنانەدی ئامانجەکەی لەدابین کردنی ئاستێکی باڵای تەندروستی بۆ گەلان، بریتین لەهەماهەنگی کردن و هێنانە ئارای هاریکاری نێودەوڵەتی و پێشکەش کردنی کۆمەك و هاوکاری لەبواری تەندروستی.

سەبارەت بەرۆڵی رێکخراوی تەندروستی جیهانی لەبەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆڤید ١٩، ئێمە لەدەروازەی یەکێك لەئەرکە سەرەکییەکانی ئەو رێکخراوە دەچینە ناو ژووری گەڕان و باس و شرۆڤە کەپەیوەستە بەهێنانە ئارای هەماهەنگی و هاریکاری نێودەوڵەتی بۆ مامەڵە لەگەڵ ئەو ئاڵنگاریەی کەبەرۆکی کۆمەڵگای نێودەولەتی و گەلانی جیهانی گرتووە.

لەناو بازنەی هاریکاری نێودەولەتی بۆ ڕوبەڕووبونەوەی ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ پرسی هەڵێنجان و روونکردنەوەی راستییەکان و خستنەڕووی زانیاری دروست لەبارەی سەرچاوە و چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی، پرسێکی گرنگ و شایانی بایەخ پێدان بوو، کەپێویستی بەلەئەستۆ گرتنی بەرپرسیاریەتی هاوبەش و میکانیزمی کارکردنی هاوبەش هەبوو، لەم بارەوە بەڕێوەبەری گشتی رێکخراوی تەندروستی جیهانی (تیدروس غیبریسوس) لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی لە ٢٤ی نیسانی ٢٠٢٠ وتی ئێمە رووبەڕووی هەڕەشەیەکی هاوبەش بووینەتەوە، بەگرتنەبەری بەرنامە و بەرپرسیاریەتی هاوبەش نەبێ ناتوانین تێکی بشکێنین (تیدروس غیبریسوس, 24 نیسان2020).

لەم روانگەوە دەبوو رێکخراوی تەندروستی جیهانی بووبایە بەسەکۆی نمایش کردنی ئەم بەرپرسیاریەتە هاوبەشە، کەچی نەیتوانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ پێك بهێنێ و ڕەوانەی دەوڵەتی (چین) و هەرێمی (هوبی)ی و شاری (وهان)ی بکات کەشوێنی دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ بوو، تەنانەت دەرفەتی ئەوەی پێ نەدرا وەك بەشداربوویەك لەتیم و لیژنەکانی لێکۆڵینەوە و هەڵێنجانی راستیەکانی دەوڵەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چین بەشدار بێ، دوای چوار مانگ لەبڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید ١٩ و تووش بوونی ملیۆنەها کەس و گیان لەدەستدانی سەدان هەزار تووش بوو، لەرێکەوتی ای ئایاری ٢٠٢٠ رێکخراوی تەندروستی جیهانی هیوای ئەوەی خواست کەلەلایەن دەوڵەتی چینەوە بانگهێشت نامەی پێ بگا بۆ بەشداری لەلێکۆڵینەوەکانی تایبەت بەبڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید ١٩، لەم بارەوە نوێنەری رێکخراوی تەندروستی جیهانی لەپەکین دکتۆر (غودن غولیا) ئەوەی راگەیاند کەلێکۆڵینەوەکانی چین دەستیان پێکردووە، چاوەڕوانی ئەوە لەچین دەکەن بەزوویی گفتوگۆیان لەگەڵ بکات لەبارەی هاوکاری کردن لەگەڵ رێکخراوی تەندروستی جیهانی(غودن غولیا، ایار2020).

لەم لێدوانەی نوێنەری رێکخراوی تەندروستی جیهانی لەچین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کەدەوڵەتی چین هاوکار نەبووە بۆ ئەوەی رێکخراوەکە لەرێگای لیژنەی تایبەتی خۆیەوە یان بەهاوبەش و هاوکاری لەگەڵ چین لێکۆڵینەوە لەبڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید ١٩ بکەن.

ئەم هاوکاری نەکردنەی چین و تارادەیەك بێدەنگی رێکخراوی تەندروستی جیهانی لەبارەی بەرپرسیاریەتی چین لەرێگری لەلێکۆڵینەوەکان بوو بەمایەی مشتومڕێکی زۆر و تۆمەت بارکردنی بەڕێوەبەری گشتی رێکخراوی تەندروستی جیهانی بەلایەنگری بۆ چین چونکە نەك سەرکۆنەی چینی نەکرد بەڵکو لەمیانی سەردانێکی بەڕێوەبەری گشتی رێکخراوی تەندروستی جیهانی بۆ پەکین و دوای دیداری داخراوی لەگەڵ سەرۆکی چین (شی جین پینگ) لە ٢٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠، کەوتە پیاهەڵدانی چین و گوتی (چین پێوەر و رێوشوێنی نوێ دادەنێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکە) تا ئەوکاتە چین رێگای نەدابوو تیمی چاودێری رێکخراوی تەندروستی جیهانی سەردانی چین بکەن، بەڵام دوای ئەو دیدارە لە ٨ی شوبات ئەو دەرگایەی کردەوە( Stephen Barany, 1April2020 )

تۆمەتبارکردنی دەوڵەتی چین و رێکخراوی تەندروستی جیهانی لەسەر بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید ١٩ لەلایەن وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەشێك لەدەوڵەتانی دیکە وەك ئەوەی بانگەشەیان بۆ کرد لەبەر کۆمەڵێك هۆکار بوو:

١-دەوڵەتی چین زانیاری و راستیەکانی شاردۆتەوە و لەکاتی گونجاو دا ئاگاداری رێکخراوی تەندروستی جیهانی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نەکردووە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڤایرۆسەکە ساناتر بڵاوبێتەوە، چونکە نەبوونی زانیاری دروست وای کرد کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەخێرایی و لەکاتی گونجاودا رێوشوێنی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتاکە نەگرنەبەر لەم بارەوە هەریەکە لەسەرۆکی ئەمریکا (دۆنالد ترامپ) و وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە (مایك پۆمپیۆ) جەختیان لەوە کرد کەبەهۆی چاوپۆشی دەوڵەتی چین لەپێدانی زانیاری جیهان باجێکی گەورە دەدات. شایانی باسە ناڕەزایەتییەکانی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا گەیشتە رادەی وەستاندنی کۆمەکی دارایی بۆ رێکخراوی تەندروستی جیهانی و پاشان کشانەوە لەرێکخراوەکە.

٢ -دەوڵەتی چین رێگای نەدا رێکخراوی تەندروستی جیهانی لێکۆڵینەوە لەچۆنیەتی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید ١٩ بکات و تەنانەت بەشداری پێ لەو هەوڵانەش نەکرد کەلەسەر ئاستی ناوخۆیی چین بۆ لێکۆڵینەوە دران، ئەمەش گومانی زیاتری لای کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دروست کرد.

٣ -وێرای ئەم هەڵوێستانەی دەوڵەتی چین، بەڵام رێکخراوی تەندروستی جیهانی نەك سەرکۆنەی نەکرد بەڵکو رۆڵی دەوڵەتی چینی لەرێگری لەبڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید ١٩ و چۆنیەتی بەگژدا هاتنەوەی بەباشی هەڵسەنگاند و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هان دا بۆ ئەوەی گەشتە ئاسمانییەکانیان بۆ وڵاتی چین نەوەستێنن.

لەبەرامبەر ئەمەدا هەریەکە لەدەوڵەتی چین و رێکخراوی تەندروستی جیهانی ئەم تۆمەتانەیان رەت کردەوە و چین باسی ئەوەی کرد کەوڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بەپێی تیۆری پیلانگێری مامەڵە لەگەڵ رووداوی پەتای کۆڤید ١٩ دەکات، هەروەها سوپای ئەمریکای بەوە تۆمەتبار کرد کەڤایرۆسەکەی هێناوەتە چین، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی متمانەپێکراوی بۆ سەلماندنی ئەم تۆمەتە بڵاونەکردەوە، رێکخراوی تەندروستی جیهانیش داوای ئەوەی کرد کەپرسی پەتای کۆڤید ١٩ بەسیاسی نەکرێ و ئەوان بەشێوەیەکی پیشەییانە و زانستیانە و بابەتیانە هەڵسوکەوتیان کردووە، سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان گلەیی ئەوەی لەوڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد کەنەدەبوو لەئێستادا کۆمەکی دارایی لەرێکخراوی تەندروستی جیهانی ببڕێ بەڵکو دەبوو زیاتری کردبا)هانس شبروس،20نیسان 2020 / د. أيمن سلامه، حزيران 2020 /فيروس كورونا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

يشعل حرب اتهامات، ٢٥مارس ٢٠٢٠ Director / Vivan Salama,5April2020/WHO (General, 15April2020).

بێجگە لەروون کردنەوەی راستیەکان و بڵاوکردنەوەی زانیاری کەوەك ئاماژەمان پێدا رێکخراوی تەندروستی جیهانی رووبەڕووی گلەیی و گازاندە و تەنانەت تۆمەتبارکردن بۆوە و نەك نەیتوانی ببێتە ناوەندێك بۆ هەماهەنگی و هاریکاری نێودەوڵەتی بەڵکو بووە یەکێك لەو بوارانەی کەرێکخراوی تەندروستی جیهانی هەوڵی دا هاوکاری و کۆمەك پێشکەش بەوڵاتانی جیهان بکات سەبارەت بەچۆنیەتی رووبەڕووبوونەوەی پەتای کۆڤید ١٩ بریتی بوو لەدەرکردنی رێنمایی دەربارەی چۆنیەتی خۆپاراستن و بەگژداهاتنەوەی پەتاکە، هەروەها چۆنیەتی دابین کردنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان بەپێی ریزبەندی و پێداویستی کۆمەڵگاکان، بەشێوەیەك کەئەو رێنماییانە هاوکاربن بۆ پلان دانانی کارکردنێکی هاوسەنگ لەنێوان داواکاری و وەڵامگۆیی راستەوخۆ لەگەڵ مەترسیەکانی پەتای کۆڤید ١٩، هەروەها ئاسانکاری بکەن بۆ دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریە تەندروستیە بنەڕەتیەکان و کەمکردنەوەی قورسایی لەسەر سیستەمی تەندروستی وڵاتان تا بتوانێ خۆی بگرێ و دانەڕمێ. لەم بارەوە رێکخراوی تەندروستی جیهانی رێبەرێکی تایبەتی سەبارەت بەئامۆژگاری و رێنمایی و رێوشوێنەکانی خۆپارێزی لەپەتای کۆڤید ١٩ بڵاوکردەوە (دليل خاص بإرشادات منظمة الصحة العالمية، 17 تموز2020).

لەلایەکی دیکەوە رێکخراوی تەندروستی جیهانی لەرووی کەلوپەلی خۆپاراستن و پێداویستییەکانی پشکنین و تاقیگەکانی تەندروستی کۆمەکی بەزیاتر لە (١٠٠) دەوڵەت کردووە وەك هەوڵێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆڤید ١٩(شينخوانت، 1 ايار 2020/ جريدة الصباح 24 تشرين الاول 2020) جگە لەمە رێکخراوی تەندروستی جیهانی هەوڵەکانی خۆی چڕ کردەوە لەبواری لێکۆڵینەوە و گەڕانی زانستی بۆ دۆزینەوەی ڤاکسین و دەرمانی چارەسەری، لەسەرەتای مانگی ئازاری ٢٠٢٠ بەڕێوەبەری گشتی رێکخراوەکە ئەوەی راگەیاند نەخشە رێگایەکیان گەڵاڵە کردووە کەسەدان بیرۆکە لەخۆدەگرێ و زیاتر لە (٤٠٠) زانا و شارەزا گفتوگۆیان لەبارەوە کردووە و سەرگەرمی ئەوەن کەپەرە بە (٣٠) جۆر لە(پێکوتە - ڤاکسین) بدەن و خەریکی ئەنجامدانی چەندین ئەزموونی تایبەتن بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر(منظمة الصحةالعالمية، مارس 2020).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها لەسەرەتای تەمووزی (٢٠٢٠) ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی کۆنگرەیەکی باڵای زانستی بەشێوەی ئۆنلاین ئەنجام دا بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی پەرەسەندنی زانستی لەبواری پەتای کۆڤید ١٩دا لەکۆنگرەدا زیاتر لەهەزار زانا و توێژەر بەشدار بوون، هەروەها لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراو و لایەنە پەیوەندیدارەکان کاری هاوبەشی ئەنجام داوە (المجمع العلمي العالمي، 2 تموز2020 ) لەگەڵ ئەوەدا بەڵام تا ساتەوەختی تەواوبوونی ئەم توێژینەوەیە (مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٢٠) هەوڵەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لەبارەی بەرهەم هێنانی پێکوتە و دەرمانی چارەسەری ئەنجامێکی بەرچاوی ئەوتۆیان نەبووە.

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی خستمانەڕوو ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کەڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لەپرسی ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای کۆڤید ١٩ بەدەست ململانێی دەوڵەتە زلهێزەکان و لاوازی بەرپرسیاریەتی هاوبەش و سستی هەوڵە زانستیەکان گیری خواردووە، ئەمەش نیگەرانی جۆراوجۆری لێکەوتەوە، هزرمەند و فەیلەسوفی ناوداری فەڕەنسی (ئالان تۆرین) بەنیگەرانیەوە باسی ئەوەی کرد کەئێمە لەجیهانێکدا دەژین بەدەست لەئارادا نەبوونی کاراکتەری کارا و چاپوك و رابەر گیری خواردووە، لایەنێك نییە لوتکە و جڵەوی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ، لەوەش زیاتر ئاماژەی بەوەدا کەلەمێژە هەرگیز وەك ئێستا هەستی بەبوونی بۆشایی لەژیاندا نەکردووە، لەسەردەمی پەتایەکی کوشندەدا کەموکوڕی زەق لەبوونی کاراکتەر و هزری کۆکەرەوە و ئاڕاستەکەر هەیە، نەچارەسەرێك هەیە نەڤاکسینێك، مرۆڤایەتی چەکی بەرگری لەخۆی نییە و هەمووومان بەتەنیا زیندانی کراوین(الان تورين، 6 نيسان 2020).

پەتای کۆڤید ١٩ لەسەر ئاستی جیهان گەورەترین قەیرانی دروست کردووە و بۆتە هەڕەشە بۆ سەر تەواوی مرۆڤایەتی و لێکەوتە دارایی و ئابورییەکانی خراپترن لەلێکەوتەکانی قەیرانی دارایی ٢٠٠٨، بەداخەوە لەم بارودۆخە سەخت و دژوارەدا چین و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا هاریکاری یەکتر ناکەن و کەوتونەتە تۆمەتبارکردنی یەکتری، یەکێتی ئەوروپاش بۆ بەهاناوەچوونی دەوڵەتانی ئەندام و هاوڵاتیانی ئەو ڕۆڵەی نەبینی کەلێی چاوەڕوان دەکرا، هەموو ئەمانە کاریگەری خراپیان دەبێ لەسەر متمانە و ڕاستگۆیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەگەری ئەوە دێتە ئارا کەشێوەی سیستەمی جیهانی و ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاوسەنگی هێزەی ئێستا لەئارادایە بۆ هەمیشە بگۆڕدرێن (John Allen & others, 20 March 2020).

بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید ١٩ و ئەو قەیرانەی بۆ مرۆڤایەتی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەگەڵ خۆی هێنا، رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەگشتی و بەتایبەتی رێکخراوی تەندروستی جیهانی خستە ناو تاقیکردنەوەیەکی سەختەوە، لەوەش دا کەنەیانتوانی ئەو رۆڵە چالاکە بگێرن و بەئەرکەکانی سەرشانیان هەڵبستن وەك ئەوەی لەپڕوانامە و دەستورەکانیاندا بۆیان دیاری کراوە، داوای چاو خشاندنەوە و ئەنجامدانی ریفۆرم لەناویاندا دەبێتە پێداویستیەکی حاشا هەڵنەگر(د. تاج الدين الحسيني, 8مايو 2020).

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو زانیاری و لێکدانەوانەی خستمانەڕوو سەبارەت بەرۆڵی رێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO -لەبەرەنگاربوونەوەی قەیرانی کۆڤید ١٩ و چۆنیەتی وەگەڕخستنی توانا و دەرامەتەکانی ژێردەستی و شێوەی وێناکردنی هەماهەنگی و هاریکاری نێودەوڵەتی لەو پێناوەدا، بەو دەرەنجامانە دەگەین:

1 -لەرووی پێدانی رێنمایی تەندروستی و چۆنیەتی پلان دانان بۆ خۆپاراستن لەپەتای کۆڤید ١٩ و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری تەندروستی، هەروەها پێشکەش کردنی کۆمەك و کەلوپەلی تەندروستی و تاقیگەیی بەوڵاتان، رێکخراوی تەندروستی جیهانی تاڕادەیەك شوێن پەنجەی دیار و رۆڵی بەرچاو بوو.

٢ -سەبارەت بەدەرخستنی راستیەکان و پێدانی زانیاری دروست دەربارەی چۆنیەتی سەرهەڵدانی پەتای کۆڤید ١٩ و شێوازی بڵاوبوونەوەی رێکخراوی تەندروستی جیهانی نەیتوانی لەکاتی خۆیدا بەو ئەرکە هەڵسێ، ئەمەش کاریگەری نێگەتیڤی هەبوو لەسەر هەڵسوکەوت و رەفتاری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەمامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانەکە، هەروەها جۆرێك لەدواکەوتن هەبوو لەهاندانی دەوڵەتان بۆ گرتنەبەری رێوشوێنی خۆپارێزی خێرا و پێویست، لەلایەکی دیکەوە لەڕووی توێژینەوە و گەڕانی زانستی بۆ پەرەپێدان و دۆزینەوەی ڤاکسینی دژە پەتای کۆڤید ١٩ هەوڵەکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی بەگوێرەی پێویست بەرهەمدار نەبوون.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٣ -لەقەیرانی پەتای کۆڤید ١٩ ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی نەبوو بەناوەندێکی کارا و هەڵسوڕاو بۆ ئاوێتەکردنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و هێنانە ئارای هەماهەنگی زیندوو لەنێوان دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، هەروەها وەك ئاڕاستەکەر و رابەرێك بۆ جۆشدانی توانای دەوڵەتان و هەماهەنگی کردن لەبەڕێوەبردنی قەیران دا نەبوو بەنموونەی ئەکتەرێکی بەرچاو، لەوەش زیاتر بوو بەگۆڕەپانی تێکگیرانی زلهێزەکان و زیاتر گرژبوونی پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان، بۆیە متمانەبوون بەو ڕێکخراوە جیهانییە خرایە ژێر پرسیارەوە و ڕووبەڕووی داواکاری ئەنجامدانی ریفۆرم و گۆڕانکاری لەهەیکەل و بنەما و دەستورەکەی بۆوە.

کـۆتایی

لەکۆتایی توێژینەوەکەدا ئەو دەرەنجام و ڕاسپاردانە دەخەینەڕوو کەپێیان گەیشتوون:

یەکەم: سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید ١٩ مرۆڤایەتی خستە ناو گێژاوی قەیرانێکی سەخت و دژوار، قەیرانێك کەچەندین لێکەوتەی گرفت و کێشە خوڵقێنەری لەگەڵ خۆی هێنا، ئیدارەدان و ڕوبەڕووبونەوەی ئەو قەیرانە پێویستی بەبەرپرسیاریەتی هاوبەش و هەماهەنگی و هاریکاری بەکۆمەڵ و پێکەوەیی هەبوو.

دووەم: یەکێك لەو بوارانەی کەوتە ژێر کاریگەری لێکەوتەکانی پەتای کۆڤید ١٩ بریتی بوو لەئاسایشی نێودەوڵەتی و شەن و کەو کردنی سەرلەنوێی ئەو چەمکە بەشێوەیەکی ئەوتۆ کە ئاسایش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و کۆمەڵگا و تاك و هاوڵاتیان زیاتر پەیوەست دەبێ بەمرۆڤ و تەندروستی مرۆڤەوە، بۆیە پەتای کۆڤید ١٩ چەمکی ئاسایشی مرۆیی زیاتر جێگیر کرد و ئەوەی دەرخست کەبەپێچەوانەی چەمکی ئاسایشی کۆنینە و کلاسیکی چیتر ئاسایش پەیوەست نییە بەهێزی دەوڵەت بەمانا سەربازیەکەی، بەڵکو تێکهەڵکێشە بەخزمەتگوزاریە تەندروستی و کۆمەڵایەتییەکان هەربۆیە قەیرانی کۆڤید ١٩ باڵایی چەمکی ئاسایشی مرۆیی و بایۆلۆجی بەسەر چەمکی ئاسایشی دەوڵەت و ئاسایشی نێودەوڵەتی دا سەلماند.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سێیەم: کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و لەسەرروویانەوە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەرێگای ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەراشکاوی ئەوەی راگەیاندووە کەئەو مەترسیانەی ڤایرۆسەکان لەگەڵ خۆیان دەیهێنن دەبنە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی و لەباربردنی ئاشتی و سەقامگیری دەوڵەت و کۆمەڵگاکان، بەڵام لەمامەڵە لەگەڵ قەیرانی کۆڤید ١٩ادا، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەبڕیارو پەیامەکانی دا بەڕوونی بەلای ئەوەدا ناچێ کە ئەم ڤایرۆسە هەڕەشە بێ بۆ سەر ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی، ئەمەش بەهۆی بوونی روانگە و بەرژەوەندی جیاواز و ململانێی نێوان دەوڵەتانی ئەندامی هەمیشەیی لەئەنجومەنی ئاسایش.

چوارەم: پەتای کۆڤید ١٩ و چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی، رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و تەواوی ئاژانس و ئۆرگانەکانی خستە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەخت و قورس، لەوەی ئایا دەتوانێ بەکردەوە ببێتە سەکۆی بەرپرسیاریەتی هاوبەش و گۆڕەپانی هاریکاری نێودەوڵەتی؟ وێڕای ئەوەی کەئەم رێکخراوە جیهانیە هەوڵ و کۆششەکانی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی بەرۆڵی مێژوویی خۆی هەڵبسێ و کاری باشی کرد و هەنگاوی جۆراوجۆری نا، بەڵام لەئاستی ئەو بەرپرسیاریەتە نەبوو کەلێی چاوەڕێ دەکرا بۆیە زیاتر لەجاران رەوتی داواکاری بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم لەو رێکخراوەدا چالاك دەبێ.

پێنجەم: جەنگی جیهانی دژی پەتای کۆڤید ١٩ پێویستی بەئەوپەڕی هاریکاری نێودەوڵەتی هەبوو، بەڵام لەمامەڵەکردن لەگەڵ ئەم قەیرانە توند و سەختەدا شێوەی هاریکاری نێودەوڵەتی و ئامرازەکانی وەگەڕخستنی و چۆنیەتی ئاڕاستەکردنی لەئاستی پێویست دا نەبوون، رێکخراوی تەندروستی جیهانی وەك ناوەندێك بۆ بەرجەستەبوونی هاریکاری نێودەوڵەتی بۆ مامەڵە لەگەڵ قەیرانی کۆڤید ١٩ نەك نەیتوانی هاریکاری نێودەوڵەتی کارا بهێنێتە ئارا بەڵکو بوو بەناوەندێك بۆ تێکگیرانی نەخوازراو و ڕووبەڕووبونەوەی نێوان زلهێزەکان لەسەرروویانەوە لەنێوان وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین، کار بەوە گەیشت گەورەترین دەوڵەتی کۆمەك بەخش بەرێکخراوەکە کەوڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو لەرێکخراوەکە بکشێتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شەشەم: دامەزراوە و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان نموونەیەکی سەرکەوتوویان لەهێنانە ئارای بەرپرسیاریەتی هاوبەش و هاریکاری نێودەوڵەتی لەپرسی پەتای کۆڤید ١٩ نیشان نەدا، بۆیە گۆڕەپانەکە زیاتر بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی و حکومەتەکانیان چۆڵ بوو تا رۆڵی خۆیان لەمەیدانی جەنگی بەگژداهاتنەوەی کۆڤید ١٩ ببینن و ئەسپی خۆیانی تێدا تاو بدەن.

حەوتەم: ئەو سیستەمە نێودەوڵەتییەی خۆی لەرێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئاژانس و ئۆرگانەکانی دا دەبینێتەوە لەمامەڵە لەگەڵ قەیرانی پەتای کۆڤید ١٩ کەموکورتیەکانی زیاتر دەرکەوتن و ئەو راستیە روونتر دەرکەوت کەئەم سیستەمە جیهانییە کێشەی لەرێکخستن و بونیاد و هەیکەل و سەرکردایەتی دا هەیە و دەبێ گۆڕانکاری و پێداچوونەوەی قووڵ و فراوانی لەناودا بکرێ.

هەشتەم: بۆ ئەوەی دەوڵەت نەتەوەکان باشتر بتوانن ئاسایش و ئاشتی و سەقامگیری بچەسپێنن، دەبێ خزمەتگوزاریە تەندروستی و کۆمەڵایەتییەکان بکەنە ئامانجی لەپێشینە و لێرەوە ئەو ڕاسپاردە ئاڕاستەی دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستان دەکەین کەلەم بارەوە کۆنگرەیەکی زانستی ئەنجام بدەن.

نۆیەم: بایەخی ئاسایشی تەندروستی و بایۆلۆجی ئەوەندە ستراتیژی و کاریگەرە کەدەخوازێ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کار بۆ دامەزراندنی (ئەنجومەنی تەندروستی جیهانی) بکات وەك بەشێك لەسیستەمی جیهانی و هەیکەل و دەسەڵات و میکانیزمی کارکردنی بەشێوەیەك داڕێژرێ کەلەئاست گەورەیی و پیرۆزی ئامانجەکانی دابێ.

سەرچاوەکان:

**یەکەم: بەزمانی  عەرەبی و کوردی:**

1- ألان تورين، فيروس كورونا جعلنا نعيش اللا معنى في بيوتنا… وستكون هناك كوارث أخرى، حاورە: مارك باتيش، ترجمە: توفيق السليمانى، 6 نيساني 2020:
https://www.mupresse.com/?p=4378
2- أنطونيو غوتريش، كوفيد 19 سنتخطاه معاً:
www.un.org/ar/contents/sq/articles/2020-03-16/covid-19-we-will-come-through-together.
3- د. أيمن سلامة، قراءة في أنسحاب أميركا من منظمة الصحة العالمية

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

https://www.ammonnews.net/print/539712
4- الدكتورة: أيناس سعدي عبدالله، الحرب الباردة دراسة تأريخية للعلاقات الامريكية السوفيتية، اشور بانيبال للكتاب، الطبعة الاولى، بغداد، 2015.
5- الدكتورة أيناس عبدالمجيد، كورونا فايروس، جامعة تكريت، شباط 2020:
-https://www.researchgate.net/publication/339/24/57-kwrwna-fyrws
6- أول أجتماع لمجلس الأمن بشأن كورونا وأنقسامات شديده، 7 ابريل 2020:
www.skynewsarabia.com/world/1334643.
7- البنك الدولي، استجابة لمواجهة تفشي فيروس كورونا، 10تشرين الاول، 2020:
https://www.albankaldawli.org/ara/who-we-are/news/ factsheet/ 2020/ 10/14/world-bank-covid-19-response.
8- الامم المتحدة، ميثاق الامم المتحدة و النظام الاساسي لمحكمة العدل الدولية، نيويورك، بدون سنة الطبع.
8- باسل علي عباس، جائحة كورونا تهدد السلم الدولي، بحث منشور في مجلة الفنون والآداب وعلوم الانسانيات والأجتماع، تصدر عن كلية الامارات للعلوم التربوية، الامارات العربية المتحدة، العدد 56، أغسطس 2020.
9-بول روبنسون، قاموس الامن الدولي، مركز الامارات للدراسات والبحوث والأستراتيجية، الطبعة العربية الاولى، ابوظبي، 2009.
10-جريدة الصباح، منظمة الصحة العالمية: مليونا دولارمساعدة العراق، 24تشرين الاول2020.
https://alsabaah.iq/33488/المنظمة-الصحة-العالمية-مليونادولار-مساعدات-للعراق
11- جيل غرسياني، أزمة فيروس كورونا فرصة لإعادة النظر في العلاقات الدولية وجعلها أكثر توازنا.
www.francezq/com/ar/20200327.
12- الجمعية العامة للامم المتحدة، قرار 270/14 (2020) 3نيسان 2020:
https://www.undocs.org/ar/A/RES/14/270
13- دليل خاص بارشادات منظمة الصحمة العالمية، 17تموز2020:
http://www.who.int/ar/news-room/feature-stories/detail/a-guide-to-who-s-guidance.
14-دورثى إتش كروفورد، الفيروسات، ترجمة: أسامة فاروق حسن، مراجعة: هانى فتحى سليمان، مؤسسة هنداوى للتعليم والثقافة، القاهرة، الطبعة الاولى، 2014.
15- هانس، شبروس، مدح الصين يضع الصحة العالمية في قفص الأتهام، 20 نيسان 2020:
www.dw.com/ar/مدح-الصين-يفع-القمة-العالمية-في-قفص-الاتهام/a-53/90/4.
16- د.سعد حقي توفيق، مبادئ العلاقات الدولية ، المكتبةالقانونية، بغداد، 2018.
17- د. حسن نافعة، الأمم المتحدة في نصف قرن، دراسة في تطور التنظيم الدولي منذ 1945، عالم المعرفة، سلسلة رقم (202)، كويت، اكتوبر 1995.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

18- كريستوف هوسجن، لماذا تأخر انعقاد مجلس الامن الدولي لمناقشة فيروس كورونا؟ 10ابريل 2020:
https://www.albayan.ae/one-world/overseas/2020-04-10-1-3826583.
19-المكتب الاتحادى للصحة العامة في دولة سويسرا، فيروس كورونا الجديد هكذا نحمي أنفسنا:
https://www.bag.admin.ch/user/hp/downloads/200306-ARAB-Fqktenblatt-coronavirus-arabich-picto-AR%20(1)pdf
20- د. محمد علي السقاف، (كورونا) والقانون الدولي، 14 ابريل 2020.
www.aawsat.com/home/article/223259/د.محمد-علي-السقاف-كورونا-والقانون-الدولي
21- د.محمد الوادراسي, قراءة في قرار مجلس الأمن الدولي رقم 2523 بخصوص جائحة كوفيد19، 14آب2020.
https://www.raiakyoum-com/inaex.php/ مجلس الامن د. محمد الوادارسى- قراءة في قرار
22- مجلس الامن الدولي قرار 2017 (2014) 18 ايلول 2014.
www.un.org/securitycouncil/ar/content/resolution-adopted-security-council-2014.
23- مجلس الامن الدولي قرار 2532 (2020) ا تموز 2020:
http://undocs.org/ar/s/RES/2532 (2020).
24- مجموعة البنك الدولي، حماية الانسان والأقتصاد، استجابات متكاملة على مدير السياسات لجهود مكافحة فيروس كورونا المستجد (Covid-19)، ص15:
https://www.openknowledge.worldbank.org/bistream/handle/10986/33110/147785AR.pdf?sequence=16&isAllowed=y.
25-المجمع العلمى العالمى: يوحد جهوده من اجل تتبع التقدم فى مجال البحث والتطوير بشأن مرض كوفيد19، 2 تموز2020:
https://www.who.int/ar/news-room/feature-stories/detail/global-scintific-community-unites-to-track-progress-on-covid-19-r-d-indentifies-new-resear.
26-منظمة مراقبة حقوق الانسان، الابعاد الحقوقية في الاستجابة لفيروس كورونا المستجد:
www.hrw/ar/news/2020/03/19/340319.
27- منظمة الصحة العالمية، 20 لقاحا جديدا قيد التطوير لمكافحة فيروس كورونا المستجد:
https://www.news.un.org/ar/story/2020/03/1050711.
28- منظمة الصحة العالمية، مرض فيروس الايبولا، 10شباط 2020
www.who.int/ar/news-room/fact-sheets/detail/ebola-virus-disease.
29- منظمة الصحة العالمية، معلومات عن المنظمة، تاريخ الزيارة 27نيسان 2020:
https://www.who.int/ar/about/who-we-are.
30- مونتيكارلو الدوليه، خروج مجلس الامن الدولي عن صمته حيال كورونا بين آمال وتحفظات:
https://www.mc-doualiya.com/articles/20200426

31- المندوب الصينى تشانغ جون : حققنا تقدما فى الحرب على كورونا بفچل اجراءاتنا غير المسبوقة، 2 مارس 2020.
https://www.news.un.org/ar/story/2020/03/1050401.
32- منى عبدالفتاح، كورونا ومعضلة التكيف المتوازى بين الأمنيين القومي والانساني:
independentarabia.com/node/10513/
33- د. عبدالله علي عبو سلطان، المنظمات الدولية الاحكام العامة وأهم المنظمات العالمية والأقليمية والمتخصصة، مطبعة جامعة دهوك، الطبعة الثانية، 2011.
34-فيروس كورونا يشعل حرب أتهامات بين واشنطن وبكين، 25/مارس 2020:
https://www.france24.com/ar/20200325.
35- غودن غوليا، ننتظر من الصين نقاشاً في التعاون مع اتلمنظمة في المستقبل القريب، 1 ايار 2020:
www.arabic.euronews.com/2020/05/01/who-wans-cornation-with-china-investigute-and-traking-coronavirus-origin.
36- رۆبەرت جەی مەکمان، جەنگی سارد، وەرگێرانی: شاناز رەمزی هیرانی، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2017.
37- شينخوانت، يتعين أن تكون منظمة الصحة العالمية قائداً وليس كبش الفداء في مكافحة الوباء العلمي، 1 ايار 2020:
https://www.xinhuanet.com/arabic.news.cn/2020-05/0/c-139023396.htm

38- د. تاج الدين الحسيني، أزمة كورونا ستؤدي الى ظهور نظام عالمي جديد، حاوره: النعمان اليعلاوي، 8 مايو 2020 :
https://www.alakbar.press.ma/101/12-أزمة-كورونا-ستؤدي-الى-ظهور-نظام-عالمي.html
39- تيدروس غيبريسوس، مبادرة تسريع إتاحة ادوات مكافحة كوفيد-19، 24/نيسان 2020
www.who/ar/dg/speech/detail/who-director-general-s-opening-remarks-at-the-launch-of-the-access-to-covid-19-tools-accelerator.
40-د. خوله محى الدين يوسف، الامن الأنساني أبعاده في القانون الدولي العام، بحث منشور في مجلة جامعة دمشق للعلوم الأقتصادية والقانونية، المجلد 28- العدد الثاني، سنة 2012.
41- خوسية بلانكو، البيان الصحفي، 9نيسان 2020::
https://www.un.org/securityCouncil/conect/meetings-2020-vtc.
42-وزير الخارجيه الألمانيه هايكو ماس، تصريح بشأن أعتماد قرار مجلس الامن (2532) (2020) بشأن كوڤيد19، 1تموز2020:
https://almania.diplo.de/ardz-ar/o4-aktuelles/-/2394756

## دووەم: بەزمانی ئینگلیزی:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1-Antonio Guterres, opening remarks at launch of global humanitarian plan for covid-19. 25 march 2020.
www.un org/sq/Conect/sq/sq/speech/2020-03-25/global-humanitarian- Plan-For-Covid-19-remarks.
2- Antonio Guterres, Remarks to the Security Council on the covid-19 Pandemic, 0, April 2020.
www.un.org/sq/en/content/sg/speches/2020-04-09/remarks-security-council-covid-19-pandemic.
4- constitution of the world health organization. world health organization, forty-ninth edition including amendments adopted to 31 may 2019, Geneva, 2020.
5- Colum Lynch, Can the United Nation Survive the corona virus? www.foreignpolicy.com/2020/04/08/colum-lynch-china-us-can-the-united-nation-survive-coronavirus.
6- Chowdhury Fink, Diplomacy at the UN in the time of corona virus, April62020:
www.theglobalobservatory.org/2020/04/diplomacy-at-un-in-time-of-coronavirus.
7-Davd LHeyman & Others, Global health security: the wider lessons from the west African Ebola Virus disease pandemic. www.thelancet.com/pdfs/journals/ancet/P1150140-6736(15)60858-3-pdf.
8-Gorden corero, corona virus: How will in change National Security Spying, www.bbc.com/news/uk-52122991
9- Henry Kissinger, the coronavirus pandemic will forever alter the world order,April32020:
www.wsj.com/articles/the-coronavirus-pandemic-will-forever-alter-the-world-order-1158593005.
10- International Crisis Group, Clashes over Ethiopia’s Tigray Region: Getting to a ceasefire and National Dialogue. https://www.crisisgroup.org/africa/horn-africa/ethiopia-clash-tigray-getting-ceasefire-and-national-dialoge, 5 November 2020.
11- John Allen, Nicholas Laurie Garrett, Richard N.hass, Gjonn Ienberry, Kishore Mahbubani, Shivshankor Menon, Robin Niblett, Josephs.Nye, Shannon K. oneil, Kori Look After the coronavirus Pandemic:
12-Johns Hopkins Universtiy, COVID-19 Dashboard, 2020:
- https://www.arcgis.com/apps/opsdashbord/index
https://www.foreingpolicy.com/2020/03/20/world-order-after-coronavirus.pandemic/

13- Ronald O'Rourke-Kathleen J.Msinnis-Michael Modie, COVID-19: Potential Implication for International Security Environment-Overview of Issues and Further Reading for Congress, November 3, 2020.
https://www.crsreports.congress.gov.R46336
14- Security Council: Press Release: April 2020.
https://www.un.org/press/en/2020/sc/14/159.doc.html
15-Stephen Barany, the WHOV Coronavirus: why it can't handle the pandemic, www.theguardian.com/news/2020/apr/10/world-health-organization-who-v-coronavirus-why-if-cant-handle-pandemic.
16- Susan Schmeire, Charles Lceland Liz Soccocia, the corona virus Panademic will impact global security. www.waterpeacesecurity.org/blog-04-01-220-coronavirus-panademic.
17- Vivan Salama, Jeremy Diamond and Kevin Liptak, Trump officials try to enlist foreign allies in presuore compaign against china over coronavirus response.
18- UNSC, Peevious Montly Programms, 2020:
https://www.un.org/securitycouncil/content/previous- monthly-programms
19- What the UN Security Council Can Do on Corona Virus: A Global Goods Coordination Mechanism, https://www.justsecurity.org/69336/what-the-un-security-council-can-do-on-coronavirus-a-global-goods-coordination-mechanism-march24,2020
20- World Health Organization, BASIC DOCUME, forty-ninth edtion, 2020.
21-World Bank Group, How the World Bank Group is helping Countries with covid-19, www.worldbank.org/en/news/factsheet/2020/02/11/how-the-world-bank-group-is-helping-countries-with-covid-19-corona-virus.
22-www.who/ar/dg/speech/detail/who-director-general-s-opening-remarks-at-the-launch-of-the-access-to-covid-19-tools-accelerator.
23- WHO release guidelines of help countries maintain essential health services during the covid-19 pandemic.
www.who.int/news/room/detail/30-03-2020-who-release-guidenes-to-help-countries-essential-health-services-during-the-covid-19-pandemic.
24- WHO director-General's opening remarks at the media briefing on covid-19- April 2020.
https://www.who.int/dy/speeches/detail/who-director-generals-opening-remarks-at-the-media-briefing-on-covid-19-15-april-2020

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# COVID-19 and International Security & Cooperation

**Dr Omer Ham Amin Nuradeni**
Department of Diplomacy and International Relations, College of Law and International Relations, Lebanese French University, Erbil- KRG- Iraq

***Keywords:*** *Covid-19, International security, International cooperation, United nation, World health organization.*

## Abstract

It can be said that the emergence of the Covid 19 pandemic, and its rapid spread among all countries of the world, had greatly affected all aspects of the lives of countries within the framework of the international community, and among the aspects affected by the pandemic are aspects of international security and cooperation between the countries of the system Globalism. This is because the concept of security has changed to a very large degree under the influence of the repercussions of the Coronavirus, which has exposed international security and peace to new challenges and risks.

Consistent with this, the images and levels of international cooperation to confront the Covid 19 pandemic have undergone a major change, which requires reviewing new formulations of international cooperation in terms of goals and means and crystallizing new forms of them.

In general, this scientific research deals with, in addition to its scientific problem and hypothesis, the relationship between change on two levels, namely: the first, the Covid 19 pandemic, and the second, international security and cooperation, by relying

on the descriptive-analytical approach, to stand on a comprehensive analytical vision that covers the contents of the research from Its many angles.

And he has to deal with the research within its scientific structure, an introduction, and two main topics, the first of which discussed the impact of the Covid 19 pandemic on international security, through two branches, the first of which dealt with the concept of international security in light of the repercussions of the Corona crisis, while the second focused on studying the Covid pandemic 19 as a source of threat to international security. As for the second topic, it was divided into three different branches, which included studying the issue of international cooperation to confront the Corona crisis by discussing the roles of the United Nations General Assembly and the UN Security Council, as well as the World Health Organization. While the research ended to a conclusion, a set of scientific conclusions and recommendations crystallized on it, to provide solutions to the existing research problem in logical and objective ways.

**ملخص:**

لعل من نافلة القول ، أن ظهور جائحة كوفيد 19 ، وأنتشارها بشكل سريع بين جميع دول العالم، كان قد أثر وبشكل كبير جداً على مجمل جوانب الحياة للدول ضمن إطار المجتمع الدولي، ومن بين الجوانب التي تأثرت بالجائحة، هي الجوانب الخاصة بالأمن الدولي، والتعاون بين دول المنظومة العالمية. ذلك إن مفهوم الامن قد تغير والى درجة كبيرة جداً تحت تأثير تداعيات فايروس كورونا، الامر الذي عرض الامن والسلم الدوليين لتحديات و مخاطر جديدة.

وأتساقاً لذلك، تعرضت صور و مستويات التعاون الدولي لمجابهة جائحة كوفيد 19 الى تغيير كبير، الامر الذي يُلزم معه إعادة النظر بصياغات جديدة للتعاون الدولي من حيث الاهداف والوسائل و بلورة أشكال جديدة منها.

بالمُجمل، إن البحث العلمي هذا، تناول بالإضافة الى إشكاليته العلمية وفرضيته، العلاقة بين التغيير على مستويين،هما : الأول جائحة كوفيد 19 ، والثاني، الأمن والتعاون الدوليين، وذلك بالإرتكان الى المنهج الوصفي-التحليلي، للوقوف على رؤية تحليلة شاملة تُغطي مضامين البحث من زواياه المُتعددة.

وعليه تناول البحث ضمن هيكليته العلمية ، مُقدمة، و مبحثان رئيسيان، ناقش الاول منهما، تأثير جائحة كوفيد 19 على الامن الدولي، عبر فرعين ، تطرق الاول منهما الى مفهوم الامن الدولي في ظل تداعيات أزمة كورونا، في حين انصرف الثاني الى دراسة جائحة كوفيد 19 كمصدر لتهديد الامن الدولي. أما المبحث الثاني، فقد توزع

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

الى ثلاث فروع مُختلفة، تضمنت دراسة مسألة التعاون الدولي لمواجهة أزمة كورونا من خلال مناقشة دور كل من الجمعية العامة للأمم المتحدة و مجلس الامن الدولي، وكذلك منظمة الصحة العالمية. وبينما أنتهى البحث الى خاتمة، فقد تبلورت عنه مجموعة من الاستنتاجات والتوصيات العلمية، لتقديم معالجات لمُشكلة البحث القائمة وباساليب منطقية و موضوعية